# ڕەوشی کشتوکاڵ لە قەزای رانیە (١٩٩٦-٢٠١٤) بەروبومی ڕووەکی بە نمونە
## ( توێژینەوەیەکی مێژوو و جوگرافیای ئابوورییە )


م.ی. محمد قادر رەسوڵ
زانکۆی ڕاپەڕین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا

م.ی. ڕێبوار خالد مستەفا
م.ی. ڕەوەز محمود رەسوڵ
زانکۆی ڕاپەڕین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو



**پوختەی توێژینەوە**

لە کۆنەوە کشتوکاڵ کردن یەکێك بووە لە سیما دیارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و کۆڵەکەی ئابووری کوردستان بووە، کۆمەڵەگەی کوردستان لە زۆربەی سەردەمەکاندا کۆمەڵگایەکی خۆ بژێوبووە، سەرجەم پێویستیەکانی خۆی دابینکردووە، زۆرینەی زۆری دەستی کاری کۆمەڵگا لەکشتوکاڵدا کاری کردووە، ئەم بوارە لە قەزای ڕانیە گرنگی و بایەخی زیاتری پێدراوە، ئەمەش بەهۆی دەشی بیتوێنەوەیە کە یەکێکە لە دەشتە بەپیتەکانی باشوری کوردستان، هەروەها بەهۆی گونجاوی بارودۆخی ئاووهەوا، چونکە ئەم دەڤەرە دەکەوێتە ناوچەی بارانی مسۆگەرەوە. دوای ڕاپەڕین رەوشی کشتوکاڵی لەژێر کاریگەری باردۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ناوچەکەدا، بەپێی قۆناغە جیاوازەکان، گۆرانکاری زۆری بەسەردا هاوتووە. کە کاریگەری کردۆتە سەر رەوشی بەرهەمی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا، بەتایبەت راستەوخۆ لە دوای ڕاپەڕین تارادەیەکی باش ئەم کەرتە بەهۆی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی ناوچەکە کە پێشتر سەرجەمیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە خاپورکرابوون، بوژانەوەی بەخۆیەوە بینی. لە ژێرکاریگەری دۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا گرنگیدان و بایەخدان بە کشتوکاڵ جیاوازی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بەپێی ئەو داتاو زانیاریانەی لە سەرچاوە حکومی و دامەزراوەکانی پەیوەست بەم بوارەوە دەستمانکەوتوون، بڕ و جۆری بەرهەم و روبەری چێندراوی کشتوکاڵی ساڵانە لە دوای راپەرین، راڤەبکەین. ئامانج لەم توێژنەوەیە دەرخستنی رەوشی کشتوکاڵە لە قەزای رانیە لە دوای راپەرین بەتایبەت لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦-٢٠١٤، هەروەها دیارکردنی کەموکوریەکانی کشتوکاڵ و دەرخستنی کێشە و گرفتەکانی بەردەم پەرپێدانی کشتوکاڵە، بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان و پێشخستنی ئەم کەرتیە بەجۆرێك کە بتوانرێت بگاتە ئاستی دابینکردنی پێداویستیەکانی ناوخۆ بۆ بوارەکانی بەکاربردن و پیشەسازی. خستنەرووی خاڵە لاوازەکانی کشتوکاڵ دەڤەرەوەکەدا لەگەڵ خاڵە بەهێزەکان کە دەکرێت ببنە بنەمای پەرەپێدان و بەرەوەپێش بردن و زیاتر بوژاندنەوەی روەشی کشتوکاڵ لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

## پێشەکی

قەزای ڕانیە یەکێکە لە ناوچە هەرە بە پیت و دەوڵەمەندەکانی هەرێمی کوردستان لە رووی بنەما سروشتی و مرۆییەکانی بەرهەمهێنانی بەرووبومی کشتوکاڵی بەتایبەت بەرووبومی رووەکی، بەهۆی بە پیتی خاکەکی و دەڵەمەندی ناوچەکە بە سامانی ئاوی سەرزەی و ژێر زەوی. لەگەڵ دەوڵەمەندی ناوچەکە، بە گشت بنەماکان بەڵام لە دوای راپەرین هەڵبەزو دابەزی زۆر بەسەر بەروبوومی رووەکیدا هاتووە، لە ئێستادا بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك بەرووبوم بەردەوام لە کەمبوونەوەدان هەتا هەندێکیان گەیشتونەتە ئاستی نەمان وەکو تووتن، کە بەرهەمێکی پیشەسازی گرنگی ناوچەکە بوو. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی گرفت و کەموکوریەکانی بەروبوومی ڕووەکی لە ناوچەکەدا بە پشت بەستن بە کۆکردنەوەو شیکردنەوەی داتا و ئاماری لایەنە پەیوەندیدارەکان.

### ١- گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

کەرتی کشتوکاڵ بە کەرتێکی گرنگی چالاکی ئابووری هەژمار دەکرێت، چونکە بە بنەمایەکی سەرەکی بنەماکانی دابینکردنی ئاسایشی خۆراك دادەنرێت، هەروەها بوارێکی گرنگە بۆ کارکردن و کەمکردنەوەی کێشەی بێکاری لە ناوچەکەدا، لە گەڵ دەرخستنی گرفت و کەموکوڕیەکانی کشتوکاڵ لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە کشتوکاڵییەکان.

### ٢-کێشەی توێژینەوەکە

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بەدوای وەڵامی ئەم پرسانەدا بگەرێین:

١-ئایا لە دوای ڕاپەرین بەرووبومی کشتوکاڵی بەرەو کەمبوونەوە چووە؟

٢-ئایا جیاوازی کاتی هەیە لە هەڵبەزو دابەزی بەرووبومی رووەکی لە ناوچەکەدا؟

٣-فراوانبوونی شارەکان کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەموو رووبەری زەوی کشتوکاڵی یاخود نا؟

٤- سیاسەتی حکومەت لە چ روویەکەوە کاریگەری هەبووە لەسەر رەوشی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا؟

### ٣-گریمانەی توێژینەوەکە

١-کەمبوونەوەو نەمانی هەندێك بەرووبومی ڕووەکی لە قەزای ڕانیە.

٢-کەمبوونەوەی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی و گۆڕینیان بۆ ناوچەی خزمەتگوزاری و نیشتەجێبوون.

٣- کەمبوونەوەی پیشەی جوتیاری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە ناوچەکەدا.

### ٤-ئامانجی توێژینەوەکە

١-دانانی سنورێك بۆ زیادەرۆی کردنە سەر زەوی کشتوکاڵی.

٢-پشتگیریکردن و هاوکاری کردنی جووتیاران بە تایبەت لە کاتی پێگەشتنی بەرووبوومەکان.

٣-کردنەوەی چەند کارگەیەکی پیشەسازی لە ناوچەکەدا بۆ بەرهەمە پیشەسازییەکان کە پشت دەبەستێ بە کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی.

٤-خستنە ڕووی گرفتەکان بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی بەرووبومی رووەکی لە ناوچەکەدا.

**٥-میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە، لەگەڵ خستنەرووی داتاکان کە لە دامودەزگا حکومییەکان وەرمان گرتووە، هەروەها ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی بۆ زۆربەی ناوچەکان، وە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو کەسانی پەیوەندیدارو ئاگادار لە کێشەو گرفتەکانی جوتیاران ئەنجامدراوە، پاشان شیکردنەوە بۆ بەرهەمەکان بە پێی ساڵە جیاوازەکان کراوە.

**٦- چوارچێوەی شوێنی و کاتی توێژینەوەکە**

چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە بریتییە لە سنووری کارگێڕی قەزای ڕانیە، هەروەها چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە بریتییە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٦ - ٢٠١٤ بەهۆی ئەوەی ئێمە تەنها داتا کشتوکاڵیەکانی ئەو ماوە مێژووییەمان لەبەردەستدابووە، بەهۆی نەبوونی داتاکانی ساڵانی پێشە ١٩٩٦.

**٧-گرفتی بەردەم توێژینەوەکە**

یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی بەردەم ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە نەبوونی ئامارو داتای ڕاست و دروستە، بەشێکی زۆری ئەو داتایانەی کە هەیە ناتەواون، وە هەندێکیان بە شێوەی خەملاندنن، ئەمەش گرفتێکی زۆری بۆ توێژینەوەی زانستی دروست کردووە. هەروەها ئەو داتا فەرمیانەی کە لەبەردەستدان، زۆربەیان لە ساڵی ١٩٩٦وە دەستپێدەکەن، بەر لەم ماوە مێژووییە، هیچ داتا و زانیارەیەکما دەستنەکەوتووە، کە بتوانین دۆخی کشتوکاڵی پێش ساڵی ١٩٩٦ هەڵبسەنگێین، بەپێ زانیاریەکانما تەنها لایەن کە داتای کشتوکاڵی ساڵانی ١٩٩١ بۆ ١٩٩٥ ی لەلابێت ڕێکخراوی فاو **FAO**ی نەتەوەیەکگرتووەکانە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی ئۆفیسی سەرەکی کە کوردستان و عێراقدا، نەماتوانیوە داتاکانی ئەم ڕێکخراوە وەربگرین، سەراری ئەوی چەندین جار پەیوەندیمان بە ئۆفیسەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ئوردن و فەرنسا کردووە، بەڵام وەڵامی داوکاریەکەی ئێمەیان نەداوەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە کێشەی داتای ساڵانی دوای ڕاپەڕین گەورەترین کێشەی توێژەنەوەکەمان بووە.

**٨-پلانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو باس، باسی یەکەم بریتیە لە کورتەیەکی مێژوویی دۆخی ئابووری ناوچەکە و بنەما جوگرافیەکان، کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بریتییە لە مێژووی دۆخی ئابوری ناوچەکە، تەوەرەی دووەم: بنەما سروشتییەکانە، تەوەرەی سێیەم: بنەما مرۆییەکانە. باسی دووەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە، کە تەوەری یەکەمیان بریتییە لە خستنە ڕووی بەرهەم و شیکردنەوەی داتاکان، تەوەرەی دووەم بریتییە لە خستنەڕووی گرفت و دەرەنجامەکان لەگەڵ خستنەڕووی چەند پێشنیارێك بەمەبەستی باشکردنی ڕەوشی کشتوکاڵی ناوچەکە، لە کۆتایشدا لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## باسی یەکەم : مێژووی دۆخی ئابووری ناوچەکە و بنەما جوگرافیەکان

### تەوری یەکەم: مێژووی دۆخی ئابووری ناوچەکە

ناوچەی بیتوێن یەکێکە لەناوچە کشتوکاڵیە بە پیتەکانی کوردستان، چالاکی کشتوکاڵی سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان و لە ڕیزبەندی یەکەمدایە و کەرتێکی گرنگی ژیانی ئابووریی ناوچەکەی پێکهێناوە، بە شێکی زۆری دانیشتوانی ئەم قەزایە لەم کەرتە کاریان کردووە و بژێوی ژیانیان دابین کردوە و داهاتێکی بەرچاو بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکەی پێکهێناوە.[1] بارودۆخی سروشتی ناوچەکە وای لەدانیشتوانی ناوچەکە کردووە لەپاڵ چالاکی کشتوکاڵ چالاکی تری ئابووریی ئەنجام بدەن، ئەویش لەوەڕاندن و بەخێوکردنی ئاژەڵە، ئاژەڵداری ڕێژەیەکی دیاریکراو لە داهاتی کشتوکاڵی ناوچەکەی پێکهێناوە و بەشێکی ژیانی ئابووریی ناوچەکە بووە، بۆتە هۆی دابین کردنی گۆشت و بەرهەمی سپیایی و چالاککردنی بازرگانی ناوچەکە.[2] بەڵام بەهۆی خراپی سیاسەتی حکومەتی عێراق و لێدانی گورزێکی کوشندە لە ئابووری کوردستان و ناوچەکە، لەکاتی پرۆسەی ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندەکان نزیکەی (١١٢) گوند لەم قەزایە ڕوخێندران،[3] دانیشتوانی ئەم گوندانە لە کۆمەڵگا زۆرەملێکان نیشتەجێکران. بەجۆرێك هەریەکە لە کۆمەڵگا زۆرەملێکانی (ڕانیە، چوارقورنە، حاجیاوا، سەروچاوە) لە سەر خاکێکی بە پیتی کشتوکاڵی لە قەزای ڕانیە دروستکران.[4] دانیشتوانی ئەم کۆمەڵگایانە بە شێکیان وەك کارمەند لە فەرمانگەکانی میری دامەزران، چەندین کەس کاری دوکانداری و شوفێری و کرێکاری دەکرد، سەرباری ئەوە گوندنشینەکان زۆربەیان جوتیاربوون و کاری کشتوکاڵییان دەکرد، بەڵام بە نیشتەجێکردنیان لەو کۆمەڵگا زۆرەملێیانە نەیانتوانی درێژە بەم کارە بدەن، ئەوان بۆماوەیەکی کاتی سەرجەم زەوی و زارەکانیان لە دەست چوو، ئەوەش بووە هۆی کەم بوونی دەرفەتەکانی کار و زۆربوونی بێ کاری، سەرباری سەختی ژیانی بەشێك لە دانیشتوانی ئەم کۆماڵگایانە،[5] بەمەش دەستی کاری ناوچەکە لە هێزێکی بەرهەمهێن بوو بە هێزێکی بەر خۆر و بووە هۆی خراپی باری گوزەرانی دانیشتوان، کە تاکە سەرچاوەی بژێوییان ئەو خۆراکە مانگانەیەی حکومەت بوو، ئەم کارانەی حکومەتی ناوەندی کاریگەری خراپی لە سەر ئابووری ناوچەکە و گوزەرانی هاولاتییان و بەرز بوونەوەی نرخی کەلوپەل هەبوو.[6] لە ڕووی بەرهەمە ئابوورییەکانەوە دەکرێ بوترێ

---

[1] لەیلا محەمەد قارەمان، بەرهەمی کشتوکاڵی لە دەشتی بیتوێن، کۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە (٢٢) هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٢ — ١٤.

[2] پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە شارۆچکەی ڕانیە (١٩٥٧ — ٢٠٠٦)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٨٦ — ١٨٧.

[3] بختیار مصطفی بابان، شوێنەوارە قوڵەکانی جینۆسایدی ئەنفال لەسەر کشتوکاڵ لە کوردستاندا، گۆڤاری بژوێن (گۆڤارێکی کشتوکاڵی زانستی وەرزییە)، سلێمانی، زستانی (٢٠٠٠)، ل ٣٢.

[4] جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٠٠ — ٢٠١.

[5] مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعس، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٨٧ — ١٩٠.

[6] گۆران مصطفی محمد، کاریگەرییە ئابوورییەکانی جینۆساید لە گەرمیان، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٠٦ — ١١٠.

چاندن و بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ و برنج و تووتن و گوڵەبەڕۆژە و کونجی و تاڕادەیەکی زۆر کەمی کرد، سەرباری بەرزبوونەوەی نرخی شتومەکە پێویستەکان.[٧]

پیشە و پیشەسازی بەشێکی تری چالاکی ئابووریی ناوچەکە بووە، چەندین پیشەی دەستی لە ناوچەکە هەبووە وەك جوڵایی و دارتاشی و زێڕنگەری و پێستەخۆشکردن و ... هتد). کە بەشێك لە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەم چالاکیە کاریان کردووە لە پێداویستیەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە، ئەم کارانە ڕۆژانە بوونە و خەڵکی ناوچەکە توانیویانە لە ڕێگەیانەوە بژێوی ژیانیان دابین بکەن و داهاتیان دەست بکەوێ، سەرباری ئەمە بەشێك لە دانیشتوانی قەزاکە مووچەیان لە دەوڵەت وەرگرتەوە و کاریان بۆ میری ئەنجامداوە و بەشێکی زۆری داهاتیان لە سەر ئەم کارە بووە، لەگەڵ ئەوەش لە ناوچەکەدا چەند کارگەیەکی بلۆك هەبوو کە بەشێك لە دەستی کاری ناوچەکە کاریان تێدا کردووە، لەڕێگەی ئەم کارانەوە توانراوە تاڕادەیەکی باش بێ کاری کەم بکرێتەوە.[٨] هەرچی گوندەکانە وەك یەکەیەکی ئابووری کاریان کردووە، تاڕادەیەك توانیویانە پشت بە خۆیان ببەستن، کارکردن لە گوندەکان بە پلەی یەك بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی گوند بووە پاشان بۆ ئاڵوگۆڕ و بازرگانی.[٩]

کاری بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کەلوپەل چالاکیەکی تری کەرتی ئابووریی ناوچەکە بووە، بەتایبەتی ناوچەکە وەك ئاڵقەیەکی پەیوەندی وابووە لە نێوان ناوچەکانی قەزای پشدەر نزیك لە سنووری ئێران و پارێزگاکانی کوردستان. چالاکی بازرگانی لەم ناوچەیە زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە بازرگانی ناوخۆ بۆ هێنان و بردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ڕۆژانە لە چوارچێوەی ناوچەکە لەگەڵ شارەکانی تر. لەم چوارچێوەیەشدا ئەو بەرهەمە زیادەی کە خۆیان بەرهەمیان هێناوە لە ناوخۆی قەزاکە بازرگانییان پێوەکردووە، زیادەکەشیان هەناردەی دەرەوە کردووە. بەروبوومە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکە بە پلەی یەك بەشداریان لە بازرگانی کردووە بەتایبەتی زۆریك لە بەرهەکانی ناوچەکە بەرەو شارەکانی سلێمانی و هەولێر هەنارده کراون و بەرهەمی شارەکانی بەغدا و کەرکوك و موسڵ و هەولێر و سلێمانی بۆ ناوچەکە هێنراون. جگە لە بوونی دامەزراوە بازرگانیەکانی وەك دامەزراوەی گشتی کۆگاکانی عێراق (ئۆرزدی)، دامەزراوەی ئەفریقی عێراق بۆ بازرگانی، دامەزراوەی بازرگانی کەلوپەلی خواردەمەنی، کە بەشێك لە کەلوپەلەکانی ناوچەکە لەم ڕێگەیەوە دابین دەکران. سەرەڕای ئەنجامدانی کاری قاچاخچیەتی، کە بەشێك لە کاڵاکان بە شێوەی قاچاخ لە ناوچەکانی عێراق دەهاتنە شاری ڕانیە و پاشان بە شێوەی قاچاخ هەناردەی سنوورەکانی ئێران دەکران. سەرباری ئەوەی شاری ڕانیە وەك بازاڕێك بووە بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوەی کەلوپەل و بەرهەمی گوندەکان. جگە لە دیاردەی گۆڕینەوەی کەلوپەل و شمەك، کە وەك پاشماوەیەکی ئابووری سروشتی مابۆوە، کاتێك فرۆشیارێك دەچوو بۆ گوندەکانی ناوچەکە ئەو کاڵایەی پێی بوو دەیگۆڕییەوە بە کاڵایەکی تر و لەبازاڕی ناوچەکە دەیفرۆشت، وەك گۆڕینەوەی دانەوێڵە بە میوە. لەگەڵ ئەمەش لەناوچەکە کۆچەرییەکان هەبوون ئەمانە چەندین

---

[٧] کەمال محەمەد سەعید خەیات، دەربارەی ئابووری کوردستان لە ئۆتۆنۆمییە وە تا گەمارۆی ئابووری، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان (گۆڤار)، ژمارە ٢٦، مایسی ١٩٩٩، ل ٥٩.

[٨] نادر رۆستی، گوندی کوردی و گۆران لە پیشەدا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٥٠-١٥٣.

[٩] شاكر خصباك، الأكراد (دراسة جغرافية إتنوغرافية)، مطبعة الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٥، ص ٣٣٥ – ٣٣٧.

کەلوپەلیان دروستدەکرد و لەبازارەکان دەیانفرۆشت، وەك بێژینگ ، شەن، بێڵ، کەوشەنە و نان برێشك، سەرجەمی ئەمانە ناوچەکەی کردبووە ناوچەیەکی بازرگانی.[١٠]

لەدوای ڕاپەڕینی (٥ ی ئاداری ١٩٩١) بەهۆی سیاسەتی وێرانکردنی ئابووری و سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری بەسەر کوردستان و بێبەشکردنی لە کەرەستەی خۆراك و سووتەمەنی و نەدانی مووچەی فەرمانبەران لەلایەن حکومەتی عێراق، بووە هۆی خراپکردنی ئابووریی ناوچەکە. بەجۆرێك کاریگەری گەورەی بەسەر کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە هەبوو، جووتیاران لەهەموو چەشنە دەرمانی مێروقڕکەر و تەکنیکی میکانیکی ... هتد بێبەشکران. بەمەش زۆربەی جووتیارانی گوندەکان نەیاتوانی خێر لە زەویەکانیان ببینن، ئەمە کاریکردە سەر بەرهەمی دانەوێڵە و بەرەو کەم بوونەوە چوو. لەگەڵ ئەمەش پشێووی لە هەیکەلی ئابووریی بووەهۆی دابەزینی بەهای دراوی عێراقی و زیادبوونی هەڵاوسان و گرانبوونی نرخی بەرهەمە سەرەکیەکان لە بازاڕدا.[١١] ئەمەش بووە هۆی کۆچکردن لە شارەوە بۆ لادێ و ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم قەزایە گەڕانەوە بۆ گوندەکان و ئاوەدان کردنەوەیان بە هاوکاری ڕێکخراوی (F.A.O) کە تاڕادەیەك توانیویەتی لەڕێگەی ئەو هاوکاریانە گەشە بە کشتوکاڵی ناوچەکە بدات و بەشێك لە پێداویستەکانی ناوچەکە دابین بکات. بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی (١٩٩٤) و تێکچوونی ڕەوشی ئارامی ناوچەکە و خراپی باری ئابووریی و دابەزینی نرخی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان لە پاش جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦) نەوت بەرامبەر خۆراك و گرنگی نەدانی حکومەت بە گوندەکان بووە هۆی دووبارە کۆچکردنی گوند نشینان بۆ شاری ڕانیە و کۆمەڵگا زۆرەملێکان بەمەش بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بەرەو کەم بوونەوە چوو، ئابووریی ناوچەکە کە زیاتر پشتی بە کشتوکاڵ دەبەست خراپتر بوو.[١٢]

**تەوەری دووەم: بنەما سروشتییەکانی ئابووری لە دەڤەری ڕاپەریندا**

**یەکەم/ خاك:** یەکێکە لە بنەما سروشتیە گرنگ و سەرکیەکانی کشتوکاڵ لە هەر ناوچەیەك، دەشتی ڕانیە (بیتوێن) یەکێکە لە دەشتە هەرە بەپیتەکانی هەرێمی کوردستان، خاکی دەشتی ڕانیە بە شێوەیەکی گشتی لە جۆری خاکی کستنائییە، کە ئەم جۆرە خاکە سەرەوەی فشەڵەو دەنکۆڵەکانی نەرم و دەوڵەمەندن بە ماددەی کانزای و ئەندامی، ڕەنگی خاکەکە قاوەی تێرە، ڕێژەی ماددەی ئەندامی تیایدا لە نێوان ١-٤٪ دایە، لە قوڵای خاکەکەی لە هەندێك شوێن دەگاتە چەند مەترێك و بە بەپیترین جۆری خاکی ناوچەکە دادەنرێت، چونکە زۆربەی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان بەرهەمێکی زۆر دێنن کە تیایدا دەچێنرێت.[١٣] لە بەشی باشوری دەشتی ڕانیە و لە قەراغەکانی زێی بچووك دەشتی نیشتەنی هەیە کە ساڵانە لە پاشماوەی ئەو لیتەیە دروست دەبێت کە لە وەرزی لافاودا زێی بچوك لەگەڵ خۆی دەیهێنێت، بەڵام گرفتی ئەم جۆرە خاکە، کە خاکێکی نیشتەنی نوێیە ئەوەیە کە لە ڕووی پێگەیشتنەوە خاکێکی نوێیە و هەروەها زۆربەی ساڵەکان لە کاتی

---

[١٠] ڕێبوار خالد مصطفی، پارێزگای سلێمانی (١٩٦٨ — ١٩٨٨)، نامەی ماستەر (بلاونەکراوە)، پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین کراوە، ٢٠١٤، ل ١١١ — ١١٢.

[١١] کەمال محەممەد سەعید خەیات، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣ — ٦٧.

[١٢] پشتیوان شەفیق ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦ — ٢٠٧.

[١٣] لەیلا محمد قارەمان، خاکی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، دانای کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٩٤.

بەرزبوونەوەی ئاوی زێیەکە ئەو جۆرە خاکە دادەپۆشێت و دەبێتە هۆی لە ناوچوونی ئەو بەرهەمەی تیایدا دەچێنرێت. بەلام لە بەشی باکوری خاکی جۆری هەردەکان بەدیدەکرێت کە دەکەونە نەوچە لێژو قەدپاڵی چیاکانەوە بەهۆی زۆری لێژییان و بەرزی ڕێژەی دابارین پرۆسەی ڕامالین کاریکردۆتە سەری، بۆیە بە زۆری بەروبوومی ڕەزو باخەکان بە دیدەکرێن، چونکە خاکەکەی شیاو نییە بۆ کشتوکاڵ.

کۆی ڕووبەری دەشتی ڕانیە نزیکەی ٨٠٠ کم٢ یە، کە درێژیەکەی لە خۆرهەڵاتەو بۆ خۆرئاوا ٣٠کم و پانیەکەی لە نێوان ٢٠-٣٠ کم دەبێت. بەرزی لە ئاستی رووی دەریاوە ٤٨٠-٦٠٠ م.[١٤] لە رووی بەرزی و نزمی و رووی زەوییەوە کە یەکێکی ترە لە بنەما گرنگەکانی کاریگەر لەسەر چالاکی کشتوکاڵ، بە جۆرێك کار دەکاتە سەر ڕێگاکانی هاتوچۆ و گواستنەوەی بەرهەم بۆ بازارو بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتوو لە بواری کشتوکاڵدا، دەشتی ڕانیە ڕوویەکی تەختی هەیە کە نزیکەی ٣٦،٩٠٪ کۆی ڕووبەری قەزاکە پێکدێنێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هەبوونی دەشتێکی فراوان لە ناوچەکەدا.[١٥]

**دووەم/ ئاو و هەوا:** ئاووهەوای قەزای ڕانیە بریتییە لە ئاووهەوای دەریای ناوەراست کە زستانی سارد و شێدارو بە باران و بەفرە، هاوینی وشك و گەرمە، لە رووی پێداویستی کشتوکاڵەوە قەزای ڕانیە دەکەوێتە ناوچەی بارانی مسۆگەرەوە کە ڕێژەی باران بارین تیایدا دەگاتە زیاتر لە ٧٧٠ملم ساڵانە، بۆیە کشتوکاڵی دێمی ڕێژەی زیاتر لە ٦٦٠٪ کۆی رووبەری زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ پێکدێنێت.[١٦] ئەمەش بەڵگەی هەبوونی بڕێکی زۆری بەفرو بارانە لە ناوچەکەدا.

**سێیەم/ دەرامەتی ئاو:** قەزای ڕانیەو دەشتی بیتوێن دەوڵەمەندن بە هەرسێ سەرچاوەی دەرامەتی ئاو کە ئەوانیش بریتین لە بەفروباران، ئاوی ژێر زەی و ئاوی سەر زەوی، بە جیا هەریەکەیان باس دەکەین:

١-بەفروباران: وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ناوچەکە دەکەوێتە هێڵی بارانی مسۆگەرەوە، ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری بەفرو بارانی تێدا دەبارێت کە تێکڕای بارانی ساڵانەی بە پێی پاشکۆی ژمارە (١) بۆ ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠١-٢٠١٢)، ( ٧٠٤.٥٥ملم) بووە. بەڵام ڕێژەکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری قەزاکە جیاوازە بەجۆرێك لە بەشی باکوردا زۆرترین بڕی بەفرو بارانی تێدا دەبارێت، ناوچەی چیا بەرزەکان زۆرترین بری بەفری تێدا دەبارێت کە لە هەندێك ناوچەی چیا بەرزەکان و چاڵاوە بەفرەکاندا تاکو کۆتایی مانگەکانی هاوین بەفریان تێدا دەمێنێتەوە. سەبارەت بە بارانیش لە قەزاکەدا بڕێکی زۆر بارانی تێدا دەبارێت بۆیە کشتوکاڵی دێمی بە تایبەت گەنم و جۆ لە دەڤەرەکەدا زۆر بڵاوەو ڕێژەیەکی بەرزی کشتوکاڵی ناوچەکە پێکدێنن.

٢-ئاوی ژێر زەوی: بەهۆی زۆری بەفرو بارانەوە کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی ژێر زەوین، ناوچەکە دەوڵەمەندە بە ئاوی ژێر زەوی، کە ژمارەی کانیاوە سەرەکییەکان لە قەزاکەدا دەگاتە (٨٤) کانیاو کە تێکڕای

---

[١٤] هێمن حسێن اسماعیل، توانستە ئاووهەواییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ (لێکۆڵینەوەیەك لە ئاووهەوای پراکتیك)، ماستەرنامە، پێشکەش بە ئەنجومەنی فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە کراوە، بڵونەکراوە، ٢٠١٥، ل ١٨.

[١٥] کامەران تاهیر سەعید، بنەما سروشتییەکانی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵ لە قەزای ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای کشتوکاڵ)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٥)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٢٣.

[١٦] کامەران تاهیر سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٣-٢٢٤.

ڕێژەی لەبەر ڕۆیشتنی ئاویان (٢٥،٠٣لتر/چرکە) دایە.[١٧] هەندێك کانیاو ڕێژەی لەبەر ڕۆیشتنی ئاویان بەرزە وەکو کانیاوی سەرووچاوە کە دەکەوێتە شارەدێی سەرووچاوە تێکڕای لە بەر ڕۆیشتنی ئاوی (١٧٥٠ لتر/چرکەیە)، هەروەها کانیاوی قولە کە دەکەوێتە ناو سەنتەری قەزای ڕانیە تێکڕای لەبەر ڕۆیشتنی ئاوی (٢٠٠ لتر/چرکە)یە.[١٨] سەرەڕای هەبوونی ئەم ژمارە زۆرە لە کانیاو بەرزی ڕێژەی لە بەر ڕۆیشتنی ئاویان، ژمارەیەکی زۆری بیری ئاو لە ناوچەکەدا بونیان هەیە، بە جۆرێك ژمارەی بیری قوڵ کە بیری ئیرتیوازین ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە (١٠٦) بیر.[١٩] هەروەها لەگەڵ بوونی ژمارەکی زۆری بیری (سطحی) کە بەردەوام ژمارەیان لە بەرزبونەوەدایە بەتایبەت لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) ژمارەی ئەو بیرانەی کە بە بیری سووری ناسراون ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوندان، ئەمەش بەڵگەی دەوڵەمەندی ناوچەکەیە بە ئاوی ژێر زەوی. ئەم کانیاوانە جگە لەوەی کە سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەن بۆ دانیشتوانی ناوچەکە وەکو ئاوی قولەی ڕانیە. لەهەمان کاتدا سەرچاوەیەکی سەرەکی دابینکردنی ئاوی کشتوکاڵن.

٣- ئاوی سەرزەوی: بەهەمان شێوەی سەرچاوەکانی تری دەرامەتی ئاو ناوچەکە دەوڵەمەندە بە داهاتی ئاوی سەر زەوی، کە دیارترین و سەرەکیترین سەرچاوە لە دەڤەرەکەدا بریتییە لە زێی بچوك کە لە بەرزاییەکانی لاهیجانەوە هەڵدەقوڵێت دواتر چەند ڕووبارێکی تری تێکەڵ دەبێت وەکو ڕووباری دۆڵی شەهیدان، قائمقام، قەرەنیاغا و هیزۆپ لە ناوچەکەدا. زێی بچووك لە دەربەندی ڕانیەوە دێتە ناو سنوری قەزای ڕانیە و لە تەنگەبەری دووکان بەنداوی دووکانی لەسەر دروست کراوە. درێژی زێی بچوك دەگاتە (٤٠٠)کم و ڕووبەری حەوزی خۆراك پێدانی دەگاتە (٢٢٢٥٠کم٢)، کە (١١٦٧٠کم٢)ی دەکەویتە ناوچەی شاخاوییەوەو (١٠٥٨٠کم٢)شی دەکەوێتە ناوچەی گردو دۆڵەکانەوە. تێکڕای لەبەر ڕۆیشتنی ساڵانەی زیاترە لە ٢٢٢م٣/چرکە، هەروەها داهاتی ساڵانەی نزیکەی (٧ملیارم٣)یە.[٢٠] بێجگە لەم سەرچاوە سەرەکییە لە سنووری شارەدێی سەرکەپکان ڕووباری دۆڵی شاوریَ سەرچاوەیەکی تری ئاوە لە ناوچەکەدا بە تایبەت ئەگەر بێت و ئەو بەنداوەی کە لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا پێشنیار کرابوو دروست بکرێت دەتوانرێت ئاوی ناوچەکە بە تایبەت لە وەرزی لافاودا کۆبکرێتەوەو لە وەرزی وشکی هاویندا سودی لێوەربگیرێت بۆ کشتوکاڵ لە سنوری ناحیەی سەرکەپکان، هەروەها سوودێکی گرنگی تری دەبێت بۆ گەشتوگوزارو سامانی ماسی، لەگەڵ دەوڵەمەندی ناوچەکە بە دەراماتی ئاوی سەرزەوی بەڵام ڕێژەی سوود لێوەرگرتنی سنووردارەو نەتوانراوە وەکو پێویست سوود لەم سەرچاوە گرنگە وەربگیرێت، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەسترێت بۆ بەرهەمهێنانی بەرووبومی ڕووەکی لە ناوچەکەدا. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوچەکە بە گشت بنەما

[١٧] تحسين عبدالرحيم عزيز، التباين المكاني، لمياه الينابيع في محافظة السليمانية،اطروحة دكتوراه، تقدم الى مجلس كلية التربية في جامعة المستنصرية، (غير منشورة)، ٢٠٠٧، ص١١٧.

[١٨] شێروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتورا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، (بلاْونەکراوە)، ٢٠١١،ل١٨٣.

[١٩] کامەران تاهیر سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧.

[٢٠] ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوەو دەرامەتی ئاو، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، دانای کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٣٤-١٣٥. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارەی سەرچاوە ئاویەکان لە قەزای ڕانیە لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

سروشتییەکانی چاندن و بەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دەوڵەمەندە ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی زانستی و باش بەکاربهێنرێن.

**تەوەری سێیەم: بنەما مرۆییەکان**

**یەکەم/ دەستی کار:** ئەگەرچی لە دوای راپەرینەوە سەرژمێرییەکی فەرمی حکومی نەکراوە، لەبەرئەوە داتای دروست لەبەردەستدانییە، لەبارەی ژمارەی دانیشتوان و هێزی کار لەناوچەکەدا، بەڵام بەگوێرەی ئەو داتا سنوردارانەی کە دەستی ئێمە کەوتوون، ژمارەی دانیشتوانی دەڤەری راپەرین بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ ژمارەی دانیشتوانی رانیە بە ناوەندی قەزا و ناحیەکانیەوە بە ١٦٢٤٣٤ کەس خەمڵێنراوە، لەم ژمارەیە ١٢٦٧٣٨ کەس لە ناوەندی شار و ناحیەکان نیشتەجی بوون کە بە شارنشین هەژمار دەکرێن، و ٣٥٦٩٦ لە گوندەکان نیشتەجێن.[٢١] ئەمەش بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی دانیشتوان لە شارەکاندا کۆ بوونەوەتەوە. ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠١٢ بەرزبۆتەوە بۆ ٢١٠٤١٣ کەس لەم ژمارەیە ١٨٥٨٣١ کەس شارنشینە و ٢٤٥٨٢ کەس گوندنشینە.[٢٢] لە بارەی دەستی کاری ناوچەکە لە ساڵی ٢٠٠٤دا تەنها ١٧٤٩٢جوتیار کاری لە بواری کشتوکاڵدا کردووە، کە دەکاتە رێژەی ١٠.٧٧٪ی ژمارەی دانیشتوان بە پێی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠٠٢دا.[٢٣] بەڵام رێژەی جوتیاران لە ساڵی ٢٠٠٨دا کەمبۆتەوە بۆ ١٠٥٥٤ جوتیار. واتا نزیکەی ٦٩٣٨ جوتیار کەمی کردووە کە دەکاتە، رێژەی ٥.٥٧٪، کە ئەمەش رێژەیەکی زۆرە لەم ماوە کورتەدا. لەگەڵ ئەمەشدا کەمبوونەوەی جوتیاران بەردەوام دەبێت لەساڵی ٢٠١٤ دەگاتە ٩١٣١ جوتیار، نزیکەی ١٤٢٣ وازیان لە کاری جوتیاری هێناوە.[٢٤] ئەم ژمارەیە لە دەستی کار لە کەرتی کشتوکاڵدا کەم بۆتەوە، کە بەشێکیان چونەتە کەرتی گشتییەوە بەشێکیشیان بەبێ کار ماوەنەتەوە، ئاشکراشە کە کەرتی تایبەت لە ناوچەکەدا بەو جۆرە بەهێز نییە کە بتوانێت، دەرفەتی کار بۆ ئەم ژمارەیە لە هێزی کار دابین بکات. لەبەر ئەوە زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە روویان لە هێزی کاری گشتی کردووە و لەو بوارەدا کاردەکەن، بەپێی ئەو داتا نا فەرمیانەی لەبەردەستدان لەسنووری قەزای ڕانیە لە ساڵی ٢٠١٥ نزیکەی ٤٠٤٥٨ کەس لە کەرتی گشتی کار دەکەن، ئەمە جگەلەوەی ژمارەی پێشمەرگە لەم ژمارەیەدانیە، کە نزیکەی ١٣ هەزار کەسە، بەم پێیەش رێژەی کارمەندانی حکومی لە دەڤەرەکەدا لە ٥٣٤٥٨ هەزار کەس نزیك دەبێتەوە.[٢٥]

[٢١] مدیریة احصاء السلیمانیة، الموشرات السكانیة و البنـي الخدمـة، الارتكازیـة الاقلیم كوردسـتان العـراق لسـنة ٢٠٠٢، ص ١٤٠ — ١٦٠.

[٢٢] وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی، ٢٠١٣.

[٢٣] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەرێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچون، بەشی ئامار، ٢٠٠٤.

[٢٤] بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری و داتای بلاَونەکراوة، ٢٠١٥.

[٢٥] بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی راپەرین، ئامار و داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٥؛ فەرمانگەی ئاماری راپەرین- رانیە، ٢٠١٥؛ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی راپەرین- بەشی فەرمانگەکان، ئامار و داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.

هەرچی کەرتی تایبەتە بە داخەوە هاوشێوەی کەرتەکانی تر هیچ داتا و زانیارییەکی فەرمی لەبەردەستدانییە، هاوکات ئەوەش بۆ ئێمە ئاشکرایە کە هیچ کارگەو کۆمپانیایەکی وا گەورە بوونی نییە، کە دەستی کاری زۆر تێدا کار بکات، بەڵکو بەشی زۆری کاری تایبەتە و پێکهاتووە لە چەند کارگەیەکی بچوك و دوکان و بازاری تایبەتی هاووڵاتیان، بەگوێرەی ئاماری سەندیکاو فەرمانگەکانی پەیوەست بەم کەرتە لە قەزای ڕانیە، نزیکەی ١٠ هەزارکەس لە کەرتی تایبەتدا کارکرووە لە ساڵی ٢٠١٤[٢٦]. واتا ڕێژەی تەنها ٤.٧٪ی دانیشتوان پێکدەهێننبە پێی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠١٢.

ئەگەر سەرنج لە ڕێژەی سەدی دەستی کاری هەرسی بوارەکانی کشتوکاڵ و کەرتی گشتی و تایبەت بدەین، دەبینین نزیکەی ٢٦٪ی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کاردەکەن و کاریان هەیە،واتا ڕێژەیەکی بەرزی دایشتوانی ناوچەیە بێکارن. لە گەڵ بوونی دەستی کاری زۆر لە ناوچەکەدا کە پێویستی بە وەگەرخستنە، کەرتی کشتوکاڵ دەتوانێت ئەم ڕێژەیە بگرێتە خۆی ئەگە ربێت و بایەخ و گرنگی پێبدرێت و ببوژێنرێتەوە.

**دووەم/ ڕێگاوبان:** ڕێگاوبان وەك یەکێك لە بنەماکانی ژێرخانی ئابووری، فاکتەرێکی گرنگە لە پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ، ئەگەر بمانەوێنت پەرە بە بواری کشتوکاڵ بدەین، دەبێت تۆرێکی بەرفراوان، لە ڕێگاوبانی پێشکەوتوومان هەبێت، کە کارئاسانی بکات لە گواستنەوەی بەرهەمەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر. ریگاوبانی گونجاو کاریگەریدەبێت و کەم بوونەوەی تێچوونی بەرهەم و گەیاندنی بەرهەمەکانی کەرتی کشتوکاڵ بۆ بازارەکان.[٢٧] قەزای رانیە ناوچەیەکی شاخاوییە و داخراوە، ڕێگای وشکانی تاکە ڕێگای ئۆتۆمۆبێلە ڕێگاکانی تر گواستنەوە لەم ناوچەیەدا بوونی نیە، سەختی ناوچەکە بۆتە هۆکارێك کە دامەزراندنی ڕێگای پێشکەوتوو ئاسان نەبێ، لەگەل ئەوەش حکومەتیش تارادەیەکی کەم گرنگی بەم بوارە داوە، جگەلەوەی زۆربەی ڕێگاوبانەکانی ئەم ناوچەیەرێگەی خاکیی تێکەڵە ڕێژن، بەتایبەتی ڕێگای گوندەکان، لە کاتێکدا ئەم ناوچەیە بە چەندین بەروبوومی کشتوکاڵی بەناو بانگە.[٢٨]

خشتەی ژمارە (١) درێژی و جۆری ڕێگا سەرەکییەکان لە قەزای ڕانیە پێش ١٩٩١

| ناوی ڕێگا | درێژی / کم | جۆر |
|---|---|---|
| رانیە –قەڵادزە | ٢٦ | قیر |
| رانیە- پلێنگان | ١٩ | قیر |
| چوارقورنە – قورەگۆ | ١٠ | قیر |
| چوارقوڕنە – بالیسان | ٦٠ | قیر |
| ڕانیە –دووکان | ٦٠ | قیر |
| کۆی گشتی | ١٧٥ | قیر |

سەرچاوە: بەرێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین، بەشی هوونەری، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.

[٢٦] سەندکای پیشەوەرانی (قەزای رانیە، ناحیەکانی چوارقورنە و حاجیاوا)، ئامار و داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.

[٢٧] کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق (مرۆیی و چالاکی ئابووری)، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤، ل ١٣٦-١٣٧.

[٢٨] شاد حەمید محەمەد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێڵ لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستە (بڵاونەکراوە)، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠١٠، ل ١٠٤-١٠٥.

لە ماوەی دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ چەند هۆکارێك ڕێگربوون لە بەرەوپێشبردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل وەك، کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی عێراق و گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان، سەرباری شەڕی ناوخۆی نێوان حزبە کوردستانیەکان کە ئەمەش کاریگەی لەسەر ڕێگا و بانەکان هەبوو، چونکە دەسەڵاتداران ئەوەندەی گرنگیان دەدا بەو جەنگە ئەوەندە گرنگییان نەدەدا بە ئاوەدانکردنەوە و بەرەو پێشبردنی ڕێگاو بانەکان و بەشی زۆری بودجە بۆ شەر دابیندەکرا، سەرباری ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٥ دا بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك لە نێوان حکومەتی عێراق و نەتەوەیەکگرتەووەکان دەرچوو، کە دواتر لە مانگی دوانزەی ١٩٩٦دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە،[٢٩] بەپێ ئەم بڕیارەش ١٣٪ی بۆ کوردستان تەرخانکرابوو. جگەلەوەی لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەم ناوچەیە دووربوو لە جەنگ و زیانی بەرنەکەوت لە ساڵی ٢٠٠٤دا، لە سەدا ١٧٪ی بودجەی گشتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دابینکرا، بەڵام ڕێگاوبانەکانی ناوچەکە گەشەی ئەوتۆیان پێنەدرا و زیاتر کۆنەکان نۆژەنکراونەتەوە و گرنگیان پێدراوە. لە گەڵ ئەوەش کوالێتی ئەم ڕێگاو بانانە لە ئاستێکی خراپدان و پاش تێپەربوونی ماوەیەکی کەم تێکدەچن. لەلایەکی ترەوە ڕێگاکان تەسکن و پانییەکەیان ٧.٥ م زۆربەیان یەك سایدن و تەنها بەشێکی بچوکی ڕێگاکان نەبێت کە دووسایدن، کە ئەمەش بەپێی ستانداردی عێراقی نیە کە دەبێت پانی ئەم ڕێگایانە ١٣،٥-٤٠ م بێت، هەروەها ئەم ڕێگایانە خزمەتگوزارییان کەمە و حکومەت کەم گرنگی بەم بوارە داو و پلانی پێشوەختی بۆ ڕێگاکان نەبووە.[٣٠] لەبەرئەم هۆکارانەی کە ئاماژەمان پێکردن ڕێگاکانی کورستان بەگشتی و ڕێگاکانی ناوچەکانی دەڤەری ڕانیە، بەشێوەیەکی کەم گەشەیان کردووە.

لەسەرجەم ئەو داتاو زانیاریانەی لەبەردەستدان ئەوەمان نیشاندەدات کە ڕێژەیەکی کەم لە پرۆژەی نوێی ڕێگاوبان ئەنجامدراوە، ئەوەی کەهەبووە زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژێرخانەی کە لە پێش ڕاپەریندا هەبووە، نزیکەی ١٧٥ کم ڕێگاوبانی قیرتاوکراو بووە، بەڵام لە دوای ڕاپەرین سەرجەم ئەو ڕێگاوبانانەی ناوچەکە کە دروستکراون و نۆژەنکراونەتەوە و تێکەڵەرێژکراون لە ٢٥ ساڵی دوای ڕاپەرین تەنها ٥٢٨ کم بووە، لەم ڕێژەیە ١٧٥ کم لە ڕێگای کۆن نۆژەنکراونەتەوە، ١٨٢کم تێکەڵە ڕێژ کراوە، ١٧١ کم ڕێگای تازە دروستکراوە. ئەمەش بۆ ئەم ماوە درێژە ڕێژەیەکی کەمە، هەروەها ئەوەمان نیشاندەدات کە گرنگییەکی ئەو تۆ بە ڕێگاو بانەکان نەدراوە ، هێشتا پێوستی زۆر هەیە بە دروستکرن و نۆژەنکردەنەوەی ڕێگاوبانەکان. لەبەر ئەوە دۆخی ڕێگاکان هێشتا هاوکارنین بۆ گەشەکردنی دۆخی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا، بۆیە پێوستە گرنگی بە ڕێگاکان بدرێت و یەکێك بێت لە کارە لە پێشینەکانی حکومەت. ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت لە گرنگترین ئەو پرۆژانەی کە حکومەت لە دوای ڕاپەرین لە دەڤەرەکەدا جێبەجێی کردووە پرۆژەی پردی ئاسنینی دەربەرندی ڕانیەیە، کە درێژیەکەی ٢١٠م و زیاتر لە ٥٣ گوندی دەڤەری مەرگە بە ناوەندی قەزای ڕانییەوە دەبەستێتەوە.[٣١] دەتوانین بڵێین کە ئەم پرۆژەیە ڕۆڵی هەبووە لە کارئاسانی کردن بۆ جوتیارانی ئەم ناوچەیە کە کەلوپەل و کاڵاکانیان بگەیەننە بازارەکانی ناوچەکە.

---

[٢٩] Oil_for_Food, http://www.un.org/Depts/oip/background/ (Accessed on ١٥/١٢/٢٠١٥).

[٣٠] شاد حەمید محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢ — ٤٤، ١٥٨-١٥٩.

[٣١] بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین، بەشی هوونەری، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.

**سێیەم: سیاسەتی کشتوکاڵی:** سیاسەتی کشتوکاڵ هۆکارێکێکە بۆ گەشەی ئابووری و دابینکردنی خۆشگوزەرانی ئابووری، سیاسەتی حکومەت پێوستە روونبێت و ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت بۆ هێنانە دی زیادەی بەرهەم و باشکردنی دۆخی ئابووری و کشتوکاڵی[٣٢]. بەسەرنجدان لە رێژەی جوتیاران و ئەو کەسانەی کە لەبواری کشتوکاڵدا کاردەکەن، تێراونینێکی گشتیمان لە بارەی سیاسەتی کشتوکاڵی حکومەت لەلا گەڵاڵە دەبێت، کە دۆخی کشتوکاڵی لە دۆخێکی خراپدایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای راپەرینەوە چەندین یاسا و رێنمای دەرکردووە کە بەشێکی دەکەوتێتە چواچێوەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ گەشەدان بە بواری ئابووری کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا.

لە ساڵی ١٩٩٢دا حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری گەمارۆ ئابووریەکانی حکومەتی عێراق و گەمارۆی نێودەوڵەتی هەستا بە دەرکردنی بریاری ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ کە تیایدا بریاریدا بە قەدەغەکردنی هەناردەکردنی هەموو جۆرەکانی دانەوێڵە وەك و گەنم و جۆ بۆ دەرەوەی وڵات.[٣٣] ئەم بریاریە ئەوەندەی خزمەتکردن بوو بە بازار و ڕاگرتنی بەرزبوونەوەی نرخی ئەم بەروبوومانە، ئەوەندە خزمەتکردن نەبوو بە گەشەی ئابووری و زیادکردنی بەرهەمی کوشتوکاڵی دانەوێڵە، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا حکومەت توانای پاڵپشتی ئابووری نەبوو، نەیتوانی هاوکاری جوتیاران بکات لە پێدانی سەماد و دەرمانی قرکەری زیندەوەر و رووەکی زیانبەخش، هاوکات توانای کرینەوەی گەنمی جوتیارانی نەبوو کە ببێتە هاندەرێك بۆ یارمەتیدانی جوتیاران کە پەرەبە کەرتی کشتوکاڵی بدەن.[٣٤]

لە رووی پێکهاتەی کارگێرییەوە لە دوای دروستبوونی حکومەتی هەرێم وەزارەتێکی تایبەت بۆ بواری کشتوکاڵی، بەناوی وەزارەتی کشتوکال و ئاودرێری بەپێی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دامەزرا ، بەمەبەستی رێکخستن و بەرێوەبردنی کاروبارەکانی تایبەت بە کەرتی کشتوکاڵ، پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بایەخدان بە سەرچاوەکانی ئاو و پرۆژەکانی ئاودێری[٣٥]. لەگەڵ ئەوەش بەپێی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی، بۆ گونجاندی یاساکان لە گەڵ دۆخی نوێ لە دوای کۆتاییهاتنی دووئیدارەیی، چەند جارێك گۆرانکاری بەسەر یاساکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریدا هاتووە[٣٦]. لەم چوارچێویەشدا لە قەزای رانیە بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی رانیە پەیوەستکرا بەم وەزارەتەوە،لە

[٣٢] کمال خەیات، ئابووری کشتوکاڵ، و: نەژاد شمقار، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٣٦٠.

[٣٣] ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، بریاری قەدەغەکردنی فرۆشتن و ناردنە دەرەوەی دانەوێڵە، ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢،وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (١٠ / ١ / ٢٠١٦)، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی:
https://www.perleman.org/files/articles/٠٥١٠١٥٠٩٢١٣٠.pdf

[٣٤] کەمال محەمەد سەعید خەیات، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣ — ٦٥.

[٣٥] ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٢، وەرگیراوە لەڕێکەوتی (١٠ / ١ / ٢٠١٦)، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی: https://www.perleman.org/files/articles/١٠٠٣١٥١٠٠٠٣٢.pdf

[٣٦] بۆ زانیاری زیاتر بـراوانە : ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٧)؛ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٠).

ڕێگەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە کاروباری جوتیاران و کەرتی کشتوکاڵی لەم قەزایەدا بەڕێوەدەبرێت. هەرچەندە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە کۆمەڵێك کاری کردووە کە لە بەرژەوەندی جوتیاراندا بووە، بەڵام بەهۆی دانەبەزینی دەسەڵاتەکان بۆ بەڕیوەبەرایەتیەکان، بەڕێوەبردنیان بە شێوەیەکی ناوەندی، کەمی بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتیە، کەمی کەلوپەل و ئامێری پێویست، دانەمەزراندی ئەندازیاری کشتوکاڵی بۆبەڕێوەبردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە تا ساڵی (٢٠١٢)، ئەمانە گرفت بوون لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کەرتی کشتوکاڵ لە دەڤەرەکەدا.[٣٧]

لەگەڵ ئەمەشدا لەساڵی ٢٠٠٨ دا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای ژمارە ٤ی تایبەت بە پاراستن و پەرپیدانی بەروبومی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا دەرکرد، بەپێ ئەم یاسایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی دواوە بۆ بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ لە ڕێگەی کارکردن لەسەر بوژاندنەوە و پەرەپێدانی گوندەکان و گەڕانەوەی جوتیاران بۆ گوندەکان، هۆشیارکردنەوە و پێدانی ڕێنمای بە جوتیاران  بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە زەوییەکانان بەکاربهێنن.[٣٨]

لە ژێرکاریگەی ئەم یاسایەی حکومەتی هەرێمدا هەندێك پرۆژە لە سنوری قەزای رانیەدا جێبەجێ کراون، کە تارادەیەك خزمەتی بە بواری کشتوکاڵی کردووەوە، وەك دروستکرنی عەلوە و دانانی کۆگای ساردکەرەوەو پاراستنی بەرووبومی کشتوکاڵیەکان، دروستکردنی سایلۆی هەڵگرتنی دانەوێڵە لەچوار قورنەکە تا ئێستا بە فەرمی نە خراوەتە کار کە لەلایەن کۆمپانیا **ITINA** تورکییەوە بە گوژمەی ١٩ ملیار دینار دروستکراو و توانای هەڵگرتنی ٤٠ هەزار تەن گەنمی هەیە.[٣٩] جگە لە پرۆژەی بەنداوی ئاوی سەروچاوە کە دەتوانن بڵێین یەکێکە لە پرۆژە گرنگەکانی ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی قەرزی کشتوکاڵیەوە توانراوە چەند کێڵگەیەکی پەلەوەر و خانوی پلاستیکی دروستبکرێت کە کاریگەری لەسەر بەرەوەپێشچوونی کشتوکاڵی لەناوچەکەدا هەبووە. بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، لە ساڵی ٢٠١١دا ١٩٤ خانوی پلاستیکی لە سەر بەرووبەری ٨٧٣٠٠م٢ زەوی لە قەزای رانیە دروستکراوە.  ئەوەی جێگەی تێبینیە ئەم خانوانە نەیانتوانیوە وەك پێویست پێداویستیەکانی ناوچەکە لە بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان دابین بکەن، بەهۆی خراپی کوالیتی خانوەکان و دابین نەکردنی پێداویستیەکانی بەم خانوانە[٤٠].

---

[٣٧] چاوپێکەوتن لەگەل ئەندازیاری کشتوکاڵی پێشەکەوتوو (سالح حسێن سالح) لە ڕێکەوتی ٧/١/٢٠١٦، ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٥ لە رانیە لە دایك بووە، دەرچوی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ لە زانستی کشتوکاڵی بەشی بەروبووم، ئیستا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی رانیە.

[٣٨] ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان — عێراق، ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٨، وەرگیراوە  لەرێکەوتی (١٠ / ١ / ٢٠١٦)، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی :
https://www.perleman.org/files/articles/٠٢٠٧٠٨١٢٥٩٥٦.pdf

[٣٩] بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی رانیە، بەشی ئامار، ئامار و داتای بلاَونەکراوة، ٢٠١٥.

[٤٠] حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلاندنان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، راپۆرتی ساڵانەی بەشی ئاماری کشتوکاڵی، ٢٠١١.

جگە لەمە  یاساکانی کوژانەوەی زەوی و زار یەکێکی تربوو لەو یاسایانەی کە لە ماوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا، بۆ چاککردنی نادادی خاوەنداریەتی زەوی لە کوردستان و بەدیهێنانی داد و هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی تایبەتی خاوەن زەوی کشتوکاڵی و بەرژەوەندی گشتی دەرچوونە. کە ئامانج لێیان قەربووکردنەوەی خاوەنی ئەوە زەوییانە بووە کە کە بەر کوژاندەنەوەی حکومەت دەکەون، لەبەرئەوە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای کوژاندنەو و جیاکاری زەوی لەناو سنوری شارەوانیەکاندا یاسای ژمارە (٣)ی لەساڵی ١٩٩٨ دا دەرکرد.[٤١] سەرباری ئەوەی چەند جارێك ئەم یاسایە هەمووارکراوەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا بگونجێت.[٤٢] بەڵام ئەم یاسایانە زیانی زۆری بە زەوییە کشتوکاڵیەکانی کوردستان بەگشتی و دەڤەری رانیە بەتایبەتی داوە، بەتایبەت ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە نزیکن لە ناوندی قەزاو ناحیەکان و زیاتر لە ١٣ هەزار دۆنم زەوی خراوەتە سەر شارەوانیەکانی ناوچەکە و بۆ مەبەستی نیشتەجی بوون و خزمەتگوزاریەکان سوودی لێوەرگیراوە.[٤٣] بەتایبەتی لە ناوەندی شاری رانیە نزیکەی ٦ هەزار دۆنم زەوی زۆرترین زیانی پێکەوتوە و گۆردراوە بۆ زەوی نیشتەجی بوون.[٤٤] لەبەر ئەوە ئەم یاسایە خراپترین یاسای حکومەت بوە و زیانی زۆری لە دۆخی کشتوکاڵی ناوچەکە داوە و پێچەوانەی بانگەشەکانی حکومەتە بووە بۆ پەردان بە بواری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، لەبری ئەوەی ئاراستەی گەشەی شارەکان، بەرەو زەوییە بەردەڵانەکانبێت، رووەو زەوییە کشتوکاڵیەکان بە پیتەکان بووە.

لەلایەکی تر بە مەبەستی گرینکی دان و داکۆکیکردن لە چینی جوتیاران ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای یەکێتی جووتیارانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٧) ساڵی (٢٠٠١) دەرکرد، کە بەپێی ئەم یاسایە  یەکێتی جووتیاران ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان دەبێت و داکۆکیان لێدەکات، پاشان ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان یاسای ژمارە (١٨) ساڵی (٢٠٠١)ی دەرکرد کە تایبەت بە پوچەڵکردنەوەی کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی کوردستان، بەپێی ئەو یاسایە سەرجەم کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی کوردستان هەڵوەشێنرانەوە و دەستگیرا بەسەر گشت موڵك و ماڵی دەستە هەڵگراو دەستە هەڵنەگراوەکان و بوونە موڵکی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان[٤٥]. لەم چوارچێوەیەدا یەکێتی جوتیاران- لقی ڕانیە دامەزرا، کە ئەلقەی

[٤١] ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای کوژاندنەوە و جیاکاری زەوی لەناو سنووری شارەوانییەکاندا، ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٨، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (١٠ / ١ / ٢٠١٦)، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی :
https://www.perleman.org/files/articles/١٥٠٩١٥١٠١١٣٦.pdf

[٤٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای هەمموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (١٩٩٨) ی یاسای کوژاندنەوە و لێك جیاکردنەوەی زەوی و زار لەناو سنووری شارەوانییەکاندا، ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠٠٧).

[٤٣] سەرۆکایەتی شارەوانیەکانی (ڕانیە، چوارقوڕنە، حاجیاوا، سەروچاوە، سەرکەپکان)، بەشی هوونەری، ئامار و زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.

[٤٤] سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە، بەشی هوونەری، ئامار و زانیاری بڵاونەکراوە،٢٠١٥.

[٤٥] ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای یەکێتی جووتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠١، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ١٠ / ١ / ٢٠١٦، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی
https://www.perleman.org/files/articles/٠٥١٠١٥١١٥١٤٢.pdf ؛ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای بوچەڵکردنەوەی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران، ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠١، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (١٠ / ١ / ٢٠١٦) لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی : https://www.perleman.org/files/articles/٠٥١٠١٥١١٥٢٢١.pdf

پەیوەندیکردنە لە نێوان جووتیار و حکومەت بەمەبەستی گەیاندنی گرفت و داواکاریەکان بەلایەنی پەیوەندیدار، هەرچەندە ئەم یەکێتییە توانیویەتی تاڕادەیەك خزمەت بە جووتیاران بکات و بەشێك لە گرفتەکانیان بۆ چارەسەربکات، بەڵام بەهۆی گوێنەگرتن لەم لقە، دەرنەکردنی یاسایەك کە جووتیار و مووچەخۆر لێك جیابکاتەوە بەتایبەتی کە جوتیارێکی زۆر هەیە پەیوەسنامەی یەکێتی جووتیارانیان هەیە بەڵام جووتیار نەماون و لە کەرتی گشتی و خزمەتگوزاری کاردەکەن، جێبەجێ نەکردنی یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی و دروستکردنی شارەکان لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان، نەکڕینەوەی بەرهەمی جووتیاران و پاڵپشتی نەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بوونەتە گرفت لە بەردەم بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ.[46]

سەرباری هەموو هەوڵەکانی حکومەت بۆ پیشخستنی کەرتی کشتوکاڵی و هێنانەدی دادپەروەری و باشکردنی ژیانی جوتیاران، ئەکرێ بڵێین کە حکومەت لە هەوڵەکانیدا سەرنەکەوت و نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بهێنێتەدی و گرفتە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە چارەسەر بکات.

## باسی دووەم: بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان و هۆکارەکانی گۆڕانی دۆخی کشتوکاڵ.

### تەوەری یەکەم: بەروبومە کشتوکاڵیەکان.

هەروەك ئاماژەمان پێکرد دەڤەری ڕاپەرین ناوچەیەکی کشتوکاڵییە، ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەوی گونجاوی بۆ کشتوکاڵکردن هەیە، لە پێش ڕاپەریندا لە ساڵی ١٩٩٠کۆی ڕووبەری زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ ١٤٣٩١٦ دۆنم بووە، بەڵام یاساکانی حکومەت بۆ کوژاندەوەی زەوەی ڕۆڵی زۆری بینوە لە کەم بوونەوەی رووبەری شیاو بۆ کشتوکاڵکردن، لە پاڵ ئەمانەشدا دروستکردنی باخی زۆر لە دەوروبەری شارەکان کە بەهایەکی ئەوتۆی کشتوکاڵیان نییە. بوونەتە هۆکاری کەم بوونەوەی زەوەی کشتوکالی بەجۆرێك رووبەری گشتی شیاو بۆ کشتوکاڵ لە ساڵی ٢٠١٤دا بۆ ٨١٧٩٤ دۆنم کەم بۆتەوە، واتا بەڕێژەی ٤٣.١٦٪ی کەمی کردووە، ئەمەش رووبەرێکی زۆرەو زیانی زۆری بە بەرهەمی کشتوکاڵی گەیاندووە.[47]


دۆخی کشتوکاڵ لەماوەی دوای ڕاپەریندا، لە ژێر کاریگەی دۆخی سیاسی و سیاسەتەکانی حکومەت گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. دانەوێڵەکان لە جۆرەکانی ( گەنم و جۆ و برنج و گەنمەشامی) لە دیارترین، بەرهەمەکانیی ئەم ناوچەیەن و زۆرترین بایەخیان پێدراوە، بە گوێرەی ئەو داتاو زانیاریانەی کە لەبەردەستدان، کە زۆربەیان دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی ١٩٩٦، بەرهەمی دانەوێڵە بەم جۆرە ی خوارەوە بووە:

١-گەنم: ساڵی ١٩٩٦ڕووبەری داچێنراوی گەنم ٦٥٠٠٠ دۆنم بووە، ڕێژەی بەرهەمی ١٣٠٠٠ هەزار تەن بووە، بەڵام لە ساڵَی ١٩٩٨دا رووبەری داچێنراوی زەوی ٥٤٠٠٠ دۆنم بووە، بەرهەمی ٥٨٠٤ تەن بووە، ئەمەش ڕێژەی کەم بوونەوەی رووبەرو بەرهەمی گەنم نیشاندەدات، رووبەری داچێنراو ١١ هەزار دۆنم کەمتر داچێنراوە، بەرهەمیش نزیکەی ٧١٩٦ تەن کەمی کردووە، کە ٥٥.٣٥٪ بەرهەم کەمی کردووە. رووبەری داچێنراو لە دوای ساڵی ١٩٩٨ بەردەوام رووی لە دابەزین کردووە و کەمتر زەوی داچێنراوە، بە جۆرێك لە

[46] چاوپێکەوتن لەگەل (باپیر حەمەدەمین ئەحمەد) لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/١/٧) ، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٦ لە دایك بووە، ئیستا لێپرسراوی لیژنەی جوتیارانی قەزای ڕانیەیە.


[47] بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی رانیە، بەشی ئامار، ئامار و داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٥. بۆ زانیاری لەسەر ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی لە قەزای ڕانیە لە ساڵی (١٩٩٠-٢٠١٤) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

ساڵی ٢٠٠٧ ڕووبەری داچێنراوە ٤٦٥٠٠ دۆنم بووە، ئەوەی کە جێگای سەرنجە سەرەرای کەم بوونەوەی ڕێژەی ڕووبەری داچێنراو، بەرهەم زیادی کردووە، بە جۆرێك گەیشتوەتەوە ١٥٩٢٦ تەن. ڕێژەی داچاندن لە دوای ئەم ماوەیەوە بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بووە، بەهەمانشێوە بەرهەمیش زیاد و کەمی کردووە، ئەمەش لە پاشکۆی ژمارە(٤) ڕوونکراوەتەوە.





سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە پاشکۆی ژمارە (٤).

٢-جۆ: بەرهەمی جۆ وەك دانەوێڵەیەکی سەرەکی لە دەڤەرەکەدا داچێنراو بەهەمان شێوەی گەنم گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە و بەهەمان ئەو بەرزی و نزمییەدا تێپەریوە کە گەنم پێیدا تێپەریوە، لە ساڵی ١٩٩٦دا ڕووبەری داچێنراوی زەوی لە ٦٣٠٠ دۆنمەوە کەمی کردووە بۆ ٣٢٠٠ دۆنم لە ساڵی ٢٠٠٦دا، بە هەمانشێوەش بەرهەم لە ١٢٦٠ تەنەوە کەمی کردووە بۆ ٧٦٨ تەن. بەم شێوەیە ئەم هەڵبەزوو دابەزەش لە ساڵەکانی دواتریشدا بەردەوام بووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ ڕووبەری داچێنراو ٧٠٠٠ دۆنم بووە، کە سەرجەمی بەرهەمەکەی ١٧٥٠ تەن بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ دا ڕووبەری داچێنراو بەرێژەی٥١.١٤ ٪ کەمی کردووەو بۆتە ٣٤٢٠ دۆنم ، بەرهەمەکەی تەنها ٦٨٤ تەن بووە، بەرێژەی ٦٠.٩٪ کەمی کردووە. وەك لە پاشکۆی ژمارە(٥) ڕوونکراوەتەوە.




سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە پاشکۆی ژمارە (٥).


٣-برنج: برنج خواردنێکی سەرەکی دانیشتوانی کوردستانە، سەرەرای گونجاوی هەندێك لە ناوچەکانی قەزای ڕانیە بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر کەم داچێنراوە، لەم ساڵانەی دوایشدا بەجۆرێك کەمی کردووە کە گەیشتووە تە ئاستی نەمان. لە ساڵی ١٩٩٧دا ڕووبەری زەوی داچێنراو ٣٢٠ دۆنم بووە، بەررزترین ڕێژەی بەرهەمیش ١٦٢٠ تەن بووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ڕووبەری داچێنراو گەشتۆتە ١٠٠ دۆنم ،بڕی٥٠ تەن بەرهەمی هەبووە، لە ٢٠١٣دا ڕووبەری داچێنراو گەیشتووەتە٢٠ دۆنم و بەرهەم بووەتە ١٠ تەن، بەراورد بە ساڵی ١٩٩٧ بەرهەمی برنج لە ٢٠١٣ دا بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٩٪ی کەمی کردووە. وەك لە پاشکۆی ژمارە(٥) ڕوونکراوەتەوە.




سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە پاشکۆی ژمارە (٦).

٤-گەنمەشامی: گەنمەشامی بەراورد بە دانەوێڵەکانی تر کەمتر بایەخی پێدراوە و نەچۆتە قاڵبی بازرگانییەوە، زیاتر بۆ پرکردنەوەی بەشێك لە پێداویستیە ناوخۆیەکانی بازاربووە، لە ساڵی ١٩٩٨ دا ڕووبەری داچێنراوە ٢٠٠ دۆنم و بەرهەمەکەی ٥٠ تەن بووە، لە ٢٠٠٨ دا چاندنی گەنمەشامی دەگاتە ئاستی نەمان و تەنها ٥ دۆنم زەوی داچێنراوەو بەرهەمەکەی ١.٢٥ تەن بووە، بە ڕێژەی ٩٧.٥ ٪ بەرهەم کەمی کردووە. ئەمەش لە پاشکۆی ژمارە(٧) ڕوونکراوەتەوە.


٥-تووتن: لە ڕووی بەرهەمی تایبەت بە پیشەسازی لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بەرهەم هێنان و چاندنی توتن لە کوردستان بایەخی زۆری پەیداکردووە و دوای دانەوێڵە بۆتە بەرهەمێکی سەرەکی کشتوکاڵی بازرگانی، کە بەهایەکی پیشەسازی هەبووە، ئەم بەرهەمە لە دوای ڕاپەینەوە تاوەکو کۆتایی نەوەدەکان چاندن و بەرهەم هێنانی گرنگی زۆری پێدراو و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە جوتیاران کڕدراوەتەوە. ڕووبەری زەوی داچێنراو لە ساڵی ١٩٩٧دا ٢٤٠٥٠ دۆنم بووە، بەرهەمەکەشی ٧٢١٥ تەن بووە. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢دا ڕووبەری داچێنراو کەمی کردووە بۆ ١٠٠ دۆنم و بەرهەمەکەشی بۆتە٣٠ تەن، کە بەرێژەی ٩٩.٥٪ کەمی کردووە، لە دوای ئەم ساڵەوە بەرهەم هێنانی توتن بەجۆرێك کەم دەبێتەوە کە هیچ بەهایەکی پیشەسازی نامێنیت. ئەمەش لە پاشکۆی ژمارە(٨)دا ڕوونکراوەتەوە.




سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە پاشکۆی ژمارە (٨).

٦-گوڵەبەرۆژە: گوڵەبەرۆژە بەرهەمێکی گرنگی پیشەسازیی ناوچەکەیە تا ئێستاش بایەخی پێدەدرێت، لە ساڵی ١٩٩٧دا ڕووبەری داچێندراو ١٠٠٠٠ دۆنم بووە، بەرهەمەکەی٣٠٠٠ تەن بووە، بەپێچەوانەی زۆربەی بەرهەمەکانی تر ڕووبەری داچێنراو و بەرهەم زیادی کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ دا نزیکەی ١٨٠٠٠ دۆنم زەوی دەچێنراوە و بەرهەمەکەشی گەیشتۆتە ٥٤٠٠ تەن ، واتو بەرهەم بە ڕێژەی ٤.٤٥٪ زیادی کردووە. زیاکردنی گوڵەبەرۆژەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە چاندنی تووتن کەمی کردووەوە لە جێگەی ئەوەدا گوڵەبەرۆژە چێنراوە، بەڵام لە ٢٠١٣ بەدواوە تەنها ٢٤٥٦ دۆنم داچێنراوە و بەرهەمەکەی ٧٣٦.٨ تەن بووە، بەراورد بە


**ساڵی ٢٠٠٢ بەرێژەی ٨٦.٦٪ کەمی کردووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات بەرهەم هێنانی گوڵەبەرۆژە نزیك بۆتەوە لە نەمان و بەرهەمەکەشی تایبەتمەندی کشتوکاڵی پیشەسازی لەدەستداوە. ئەمەش لە پاشکۆی ژمارە(٩) ڕوونکراوەتەوە.**




**سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە پاشکۆی ژمارە (٩).**

**٧-کونجی: کونجی یەکێکی ترە لەو بەرهەمانەی کە لە ناوچەکەدا بایەخی پێدراو بەڵام تەنها بۆ پرکردنەوەی پێداویستی ناوخۆیی بووە و کەمتر سوودی پیشەسازی لێبینراوە، لە ساڵی ١٩٩٧دا ڕووبەری داچێنراو ١٠٠٠ دۆنم بووە بەرهەمەکەشی ١٥٠ تەن بووە،  لە ساڵی ٢٠٠٢دا ٥٠٠ دۆنم زەوی داچێنراوە و بەرهەمەکەی ٧٥ تەن بووە، کە بەرێژەی لە ٥٠٪ کەمی کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٨دا ١٧٠ دۆنم زەوی داچێنراوە و بەرهەمەکەی ٢٥.٥  تەن بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣دا ڕووبەری زەوی داچێنراو زیادی کردووە بۆ ٢٤٥ دۆنم، بەرهەمەکەشی بۆ ٣٧ تەن بەرزبۆتەوە. وەك لە پاشکۆی ژمارە(١٠) ڕوونکراوەتەوە.**

**٨-نۆك: نۆك یەکێکە لەو بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکەدا، لە ساڵی ١٩٩٦دا ڕووبەری ٣٧٠٠ دۆنم زەوی داچێنراوە و بەرهەمەکەشی ٥٥٥ تەن بووە، لە ساڵی ٢٠٠٠دا،  ١٨٠٠٠ دۆنم زەوی داچێنراوە و بەرهەمەکەی ٢٧٠٠ تەن بووە، کە بەرێژەی لە ٢٠.٥ ٪ زیادی کردووە،بە زۆربوونی خواست و بەرزبوونەوەی نرخەکەی. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣دا ڕووبەری زەوی داچێنراو بۆ ١٩٩٦ دۆنم زەوی کەمی کردوە، بەرهەمەکەشی بۆ ٢٩٢.٥ تەن کەم بۆتەوە. ئەمەش لە پاشکۆی ژمارە(١١) ڕوونکراوەتەوە.**




سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە پاشکۆی ژمار (١١).

٩-نیسك: سەرەڕای گونجاوی هەندێك لە ناوچەکانی قەزای ڕانیە بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم داچێنراوە و لەم ساڵانەی دوایشدا بەجۆرێك کەمی کردووە کە گەیشتووەتە ئاستی نەمان. لە ساڵی ١٩٩٦دا ڕووبەری زەوی داچێنرا ٢٨٥٠ دۆنم بووە، بەررزترین ڕێژەی بەرهەمیش ٤٢٧.٥ تەن بووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ڕووبەری داچێنراو بووەتە ٣٥٠ دۆنم کە ٥٢.٥ تەن بەرهەمی هەبووە، لە ٢٠١٤دا ڕووبەری داچێنراوی کەمی کردووە بۆ ٢٣ دۆنم و بەرهەم بووەتە ٣.٤٥ تەن، بەراورد بە ساڵی ١٩٩٦ ڕێژەی بەرهەمی نیسك لە ٢٠١٤ دا بە ڕێژەی لە ٩٩.١٪ ی کەمی کردووە. ئەمەش لە پاشکۆی ژمارە(١٢) ڕوونکراوەتەوە.

١٠-پاقلە: پاقلە بەرهەمێکی ترە کە ناوچەکەدا چێندراوە، لە ساڵی ١٩٩٦دا ڕووبەری ٨٠٠ دۆنم زەوی داچێنراوە و بەرهەمەکەشی ٢٤٠ تەن بووە، بەلام لە ساڵی ٢٠٠١ دا ٦٥٠ دۆنم زەوی داچێنراوە و بەرهەمەکەی ١٩٥ تەن بووە، کە بەرێژەی لە ١٨.٧٥٪ کەمی کردووە، لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕووبەری زەوی داچێنراو ٩٠ دۆنم و بەرهەمەکەشی بۆ ٢٧ تەن کەمی کردووە. ئەمەش لە پاشکۆی ژمارە(١٣) ڕوونکراوەتەوە.

١١-پیاز: پیاز بەرهەمێکی گرنگی کشتوکاڵی ناوچەکەیە و بابەخی پێدەدرێت. لەساڵی ١٩٩٦ ڕووبەری زەوی داچێنراو ٥٠٠ دۆنم و بەرهەمەکەشی ١٥٠٠ تەن بووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٤ دا ڕووبەری زەوی داچێندراوەو بۆ٤٢٦٣ دۆنم بەرزبۆتەوەو بەرهەمەکەشی گەیشتۆتە ١٢٧٨٩ تەن واتا بە ڕێژەی لە ٨٥٢.٥ ٪ زیادی کردووە، لەگەڵ ئەمەش لەساڵی ٢٠١٤ ڕووبەری زەوی داچێنراو بۆ ٩٣٨ دۆنم و بەرهەم بۆ ٢٨١٤ تەن کەم دەکات واتا بەرێژەی لە ٧٨٪ کەمی کردووە. ئەمەش لە پاشکۆی ژمارە(١٤) ڕوونکراوەتەوە.

١٢-سەوزەی زستانە: سەوزەی زستانە یەکێك لە بەرهەمە گرنگەکان و خواردن و بژێویی ڕۆژانەی بەشێك لە دانیشتوانی ناوچەکەیە. لەساڵی ١٩٩٦ ڕووبەری زەوی داچێنرا ٥٠٠ دۆنم و بەرهەم ١٠٠٠ تەن بووە، ڕووبەری زەوی داچێنراو بەو بەرهەم لە ساڵی ٢٠٠٤ بەرزدەبێتەوە بۆ ٥٩٣ دۆنم و بەرهەمیش بۆ ١١٨٦ تەن واتا بەرێژەی لە (١٨.٦٥٪) زیاد دەکات، بەڵام بەهۆی گرفتەکانی کشتوکاڵ لە ناوچەکە ئەم بەرهەمە بەرێژەیەکی

بەرچاو کەم دەکات بەجۆرێك لەساڵی ٢٠١٤ ڕووبەری زەوی داچێنراو ١٥٠ دۆنم و بەرهەم بۆ ٣٠٠ تەن دادەبەزێ واتا بەرێژەی لە ( ٧٤.٧٪) بەرهەم کەم دەکات. وەك لە پاشکۆی ژمارە(١٥) روونکراوەتەوە.

١٣- سەوزەی هاوینە: بریتین لەو بەرهەمانەی کە خواردنی ڕۆژانەی دانیشتوان و بەشێکی لەدەستی کاری ناوچەکە کاری تێدا دەکات و بژێوی ژیانیان پێ دابین دەکەن، داچاندنی ئەم بەرهەمانە بەجۆرێکە: کە لە ساڵی ١٩٩٧ ڕووبەری زەوی داچێنراو ١٢٢٠٠ دۆنم بووە بەڵام لەساڵی ٢٠٠٦ ڕووبەری زەوی داچێنراو دەبێتە ٥٢٧٠ دۆنم و ، لەگەڵ ئەمەش داچاندنی زەوی بەم بەرهەمانە بەردەوام بەرەو کەم بوونەوە دەچێت بەشێوەیەك لەساڵی ٢٠١٤ ڕووبەری زەوی داچێنراو بەو بەرهەمانە دەبێتە ٣٢٠٢ دۆنم و بەرێژەی لە ٧٣.٧٥٪ ڕووبەری داچێنراوی زەوی کەمی کردووە. وەك لە پاشکۆی ژمارە(١٦) روونکراوەتەوە.

لەلایەکی تر لە گەڵ ئەم بەرهەمانە کیلگە کشتوکاڵییەکان هەن، لەم کێڵگانەدا بەشێوازێکی زانستی پەروەردەی بەروبوومەکان دەکرێت و جوتیاران فێری ئامێر و کشتوکاڵی سەردەم دەبن، هەروەها پێداویستی بازاڕ و پیشەسازی ناوچەکە و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و کەرەستە سەرەتاییەکان بە شێوازێکی زانستی و بە پلان دابیندەکەن، لە قەزای ڕانیە چەند کێڵگەیەك دروستکراوە وەك:

١ - نەمامگەی شازاد سائیب: نەمامگەیەکی حکومیە، لە ساڵی (١٩٩٩) لە ڕانیە لە سەر ڕووبەری (٣٨) دۆنم زەوی بەراو دروستکراوە بۆ بەرهەمهێنانی نەمامی دارستان و باخ، بەمەبەستی دابینکردنی نەمامی پێویست بۆ دارستانە دەستکردەکانی ناوچەکە و بەرهەمهێنانی نەمام و گوڵی جۆرا و جۆر دابەشکردنی لە ناوخۆی قەزاکە. لەم نەمامگەیە (سەروو، سۆیا، سنەوبەر، گلادیشیا، ڕۆبینا، عرعر، یوکالیبتوس، زەمانەمەل، خورمای جوانکاری، واشنتۆنیا، ئەریزۆنیکا، هەنار، هەنجیر، شەتلی موتوربەکراوی قەیسی و خۆخ، چوالەی کاغەزی، بستە، گوێز) تیادا بەرهەم دەهێنرێت. تاکە سەرچاوەی ئاوی ئەم نەمامگەیە بیرێکی ئیرتیوازیە. بەڵام ئەم نەماگەیە گرفتی کەمی دەستی کاری شارەزا و کەمی ئاوی پێویست بۆ نەماگەکە بەتایبەتی لە وەرزی وشکەساڵیدا، سەرباری کەمی ئامێر و پێداویستیەکانی تری هەیە.[٤٨]

٢ – باخی نموونەیی هەنار لە سەروچاوە لەساڵی (٢٠١٤) لەسەر ڕووبەری (٨) دۆنم زەوی دروستکراوە و تایبەتە بە بەرهەمهێنانی هەنار.

٣ – باخی نمونەیی مێوی سەرتەل لە سەروچاوە لە ساڵی (٢٠١٤) لەسەر ڕووبەری (٣) دۆنم زەوی دروستکراوە و تایبەتە بە بەرهەمهێنانی ترێ.

٤-لەساڵی ٢٠٠٠ تا ساڵی ٢٠١٥ لە کشتوکاڵی رانیە (٧٧) باخ مۆڵەتی پێدراوە لە قەزای ڕانیە کە ڕووبەری زەوی سەرجەم ئەم باخانە نزیکەی (٤٧١) دۆنم زەویە. لەم باخانە داری هەنجیر، هەنار، هەرمێ، پرتەقاڵ، قەیسی، کوخ، گوێز، گێلاس، سێو، بادەم، هەنجیر، چوالە، زەیتون، ینگی دونیا، مێو، جۆرەکانی میوەی تێدا چێنراوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی (٢٠٠٧) لە ناوچەکە سەدان باخی بێ مۆڵەت دروستکراون، بەڵام ئەم باخانە بە شێوەیەکی نازانستی و بەبێ پلان و ڕاوێژکردن و پشکنینی خاکەی و بەبێ ڕێنمای کشتوکاڵی و بەشێوەیەکی نا ئەندازیاری لەلایەن کەسی ناکشتوکاڵی و بە شێوەیەکی نایاسایی بینایان لە ناودا دروستکراوە و زیادەڕۆیی

[٤٨] ڕەحیم ئیبراهیم ئەحمەد، توێژینەوەی بواری کەرتی کشتوکاڵ لە دەڤەری بیتوێن، کۆنفراسی پەرەپێدانی دەروازەی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠١٠، ل ١١٥.

بۆ سەرزەوی کشتوکاڵیەکان کراوە، کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە و تەنانەت دروستکردنی ئەم باخانە بە مەبستی بەرهەمهێنان نەبوونە و بەڵکو بۆ داگیرکردنی زەویە کشتوکاڵیەکان و کات بەسەربردن بوونە.[٤٩]

٥ - وێستگەی توێژینەوەی کشتوکاڵی گردجان :

وێستگەیەکە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی سلێمانیە، لە ساڵی (١٩٨٣) لەسەر ڕووبەری زەوی (٢٠٨) دۆنم زەوی لە قەزای ڕانیە دروستکراوە، بەمەبەستی بەزانست کردنی لایەنەکانی بواری کشتوکاڵ و دروستکردنی جۆری باش لە دانەوێڵەکان و بەرهەمەکێڵگەیەکان و زیادکردنی بەرهەم لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا و چاککردنی بەرهەم لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیی و گشتاندنی بەسەر جوتیاران، سەرباری هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاستی پشت بەستن بەخۆ بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی کادری کشتوکاڵی و جوتیاران و دروستکردنی نەخشەی زانستی بەرهەمهێنان.[٥٠] سەرەتا ئەم وێستگەیە بە وێستگەی توێژنەوەی تووتن بووە، بەڵام لە پاش ساڵی (٢٠٠٧) ناوەکەی گۆڕاوە و کراوەتە وێستگەی توێژینەوەی کشتوکاڵی گردجان. کە توانای بەرهەم هێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی لە ساڵێکدا لە نێوان (٨٠ — ٢٠٠) تەن دایە. سەرباری ئەمە لەم وێستگەیەدا ئامێری کەش و هەوای پێشکەوتووی تێدایە کە تاڕادەیەکی باش سوود بە جووتیاران لە بارەی کاتی باران بارین و پلەکانی گەرمی گەیاندووە. لەکاتی دامەزراندی ئەم وێستگەیە تا ساڵی (١٩٩١) تایبەت بووە بە توێژینەوەی تووتن، بەڵام لە ساڵی (١٩٩١ — ٢٠٠٧) لەم وێستگەیەدا چەندین توێژینەوەی تر لە بواری (گەنم، گوڵەبەڕۆژە، گەنمەشامی، کونجی) بەهاوکاری ڕێکخراوی (فاو) تێدا ئەنجامدراوە، وەك ڕێنمایی و بەرچاوڕوونی بووە بۆ جووتیاران بۆ هەڵبژاردن و چاندنی ئەو جۆرە بەرهەمانەی بە باشیان زانیوە. لە پاش ساڵی (٢٠٠٧) زیاتر توێژینەوە لەسەر گەنم کراوە بەمەش بەشیك لە بەرهەمی ئەم وێستگەیە وەك تووی باوەڕپێکراو لە بەرامبەر بڕێك پارە دراوە بە جووتیاران بەمەبەستی چاندنی، سەرباری ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر زەیتون بۆ ئەم مەبەستە دووباخی زەیتوون تێدا دروستکراوە، جگە لە دانانی دوو خانووی پلاستکی تیایدا، بەڵام هەردوو خانووەکە لە بابەتێکی خراپن و یەکێکیان تێکشکاوە و ئەوەی تریان لە ئاستی پێویستدانیە، لەم خانووە پلاستیکیانە توێژینەوە لەسەر بەرهەماکانی خەیار، تەماتە، بیبەر، باینجان، شاتوو دەکرێت، لەگەڵ ئەمەش بەهۆی نەبوونی سایلۆ لە دەڤەرەکە لە ساڵانی (٢٠١٠ — ٢٠١٣) کراوەتە کۆگای وەرگرتن و هەڵگرتنی گەنم، هەرچەندە ئەم وێستگەیە تاڕادەیەك سوودی بە بواری کشتوکاڵی ناوچەکە گەیاندووە بەڵام لە ئاستی پێویستدا نەبووە بەهۆی گرنگی پێنەدانی لەلانە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تاڵانکردنی تەواوی وێستگەکە و نەمانی ژێرخانی ئابووری و شەڕی نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان و داگیرکردنی بەشێك لە بیناکانی ئەم وێستگەیە و کەمی بوودجەی تەرخانکرا و کەلوپەلی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانە و کەمی ئامێر و ناجێگیری کارگێری و ئیداری و پێدانی بەشێکی زۆری زەوی ئەم وێستگەیە بە کۆمپانیایەك و فەرامۆشکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی سلێمانی و خراپی پلانە زانستیەکان و نەبونی هاندەرێکی باش و دڵخۆشکەر بۆ ئەو کارمەندانەی کار لەم وێستگەیە دەکەن بۆ ئەنجامدانی کاری باش و زیادکردنی بەرهەم[٥١].

---

[٤٩] بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی کشتوکاڵی سەروچاوە، بەشی زەوی زار، ئامار و زانیاری بڵاونەکراوە، ١٧ / ١٢ / ٢٠١٥.

[٥٠] بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی سلێمانی، ٢٠١٤.

[٥١] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولرەحیم ئیبراهیم ئەحمەد)بەڕێوەبەری وێستگەی توێژینەوەی گردجان لە ڕێکەوتی ٣٠-١٢-٢٠١٥، ناوبراو دەرچووی بەشی خاکە لە کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٨-١٩٧٩.

ئەمانە ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە قەزای ڕانیە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بە پیتە و لەگەڵ گەشەپێدانی ئەم کەرتە گرنگەی ناوچەکە دەتوانرێ بەرهەمێکی زۆر بۆ کوردستان دابین بکات و ببێتە هۆی فەراهەم کردنی پیشەی بەشێك لە دانیشتوانی ناوچەکە و بەشداربێت لە زیادکردنی داهاتی نەتەوەیدا.

**تەوەری دووەم: گرفتەکانی کشتوکاڵ لە قەزای رانیە**

١- دەستی کار: بەهۆی دۆخی سیاسی و بێ پلانی حکومەت نەتوانراوە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دەستی کاری ناوچەکە لە بواری کشتوکاڵدا بخرێتەگەڕ، هەڵەی سیاسەتی حکومەت لە بەگەرخستنی زۆرینەی دەستی کار لە کەرتی گشتی، سەرباری ئەمە سیاسەتی حزبەکانیش رۆڵێکی نەرێنیان گێراوە لە بەڵێشاو موچەخۆرکردنی زۆری ئەندامانی خۆیان، ئەمەش کاریگەریەکی نەرێنی لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایدا، لەسەر کەرتی کشتوکاڵ هەبووە.

٢- بەرزبوونەوەی نرخی تێچوون: بەرهەمهێنانی بەرووبومی کشتوکاڵی و دابەزینی نرخی قازانج کە بۆتەهۆی دابەزینی داهات وای لە جوتیار کردووە واز لە کشتوکاڵکردن بهێنێت لەبەر گرانی نرخی گاز، کرێی تراکتۆر، ئامێری دورینەوە، نەبوونی بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکان و کەمی خزمەتگوزاریە گشتییەکان لە گوندەکان و دیاری نەکردنی بودجەیەکی گونجاو و بۆ بنیان نانەوە و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و پشتگیرنەکردنی بەرچاوی جوتیار بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ وای کرد کە گوندەکان بەرەو چۆڵ بوون بچن.

٣- زۆربەی جوتیاران یەکەی کشتوکاڵی بچوکیان بەدەستەوەیە ئەمەش لە کشتوکاڵی کلاسیکدا بەرهەم و داهاتێکی وا نادات بەدەستەوە ناتوانێت کشتوکاڵ پێش بخات.

٤- کێشەی زەوی وزار و خاوەنداریەتی زەوی بۆ جوتیاران، دڵ ساردی و دڵەڕاوکێی بۆ جوتیاران دروست کردووە و کۆسپی گەورەی بۆ جوتیاران هێناوەتە پێش.

٥- پشتگیری نەکردنی جوتیار بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لە بواری دابینکردنی ئامێر و کەلوپەلی نوێی کشتوکاڵی و پێداویستی جوتیار لە فرکەری کشتوکاڵی لە فەرمانگە کشتوکاڵیەکان لە کات و ساتی شیاو و بەنرخێکی گونجاو.

٦- کێشەی بە بازاڕکردنی بەروبوومی کشتوکاڵ کە کاری زۆری لە جوتیاران کردووە و بەشێوەیەك سودێکی کەم لە بەرهەکانیان وەردەگرن. بەتایبەت وەرنەگرتنی بەرهەکان بۆتە هۆی چونی ئەو کەسانە کە کاری کشتوکاڵی دەکەن بۆ کەرتی گشتی و کەرتی خزمەتگوزاری، سەرباری سوودگەیاندن بەچەند سەرمایەدارێك کە لەم کارە سوود مەند بوون. لەگەڵ کەمی کۆگا و ساردکرەوە، کەچی حکومەت بینای کۆگاکردنی توتن لە ڕانیە بەسەر فەرمانگە حکومیە نا کشتوکاڵیەکان دابەش دەکات و لە بواری کشتوکاڵی سوودی لێ وەرناگیرێت.

٧- خراپی باخەکانی ناوچەکە کە بێ پشکنینی خاك و بێ پلان دروستکراون، تەنها بۆ دابڕینی زەوی و کات بەسەربردن بوونە نەك بۆ بەرهەمهێنان.

٨- سامان و دارایەکی زۆر بۆ هێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی لە دەرەوە خەرج دەکرێت و نرخیان لە بەرهەمی ناوخۆ هەرزانترە، ئەمەش پاشەکشەی بە بەرهەمی کشتوکاڵی ناوخۆ کردووە.

٩- نەبوونی پلانێكی ستراتیجی و ڕوون تایبەت بە ڕێنمایی گشتی لە بواری زانستە كشتوكاڵیەكان، بەهۆی نەبوونی میكانزمێك بۆ هەماهەنگی كردن لە نێوان وێستگەی توێژینەوەو فەرمانگە كشتوكاڵییەكان و زانكۆكان.

١٠- زەویە كشتوكاڵیەكانی ناوچەكە زیادەڕۆیی لەسەركراوە لە لایەن خەڵك و دامودەزگاكانی حكومەت بەجۆرێك باشترین زەویە كشتوكاڵیەكانی ناوچەكە كەوتوونەتە سنووری شارەوانیەكان و ئاوەدانییان لەسەر دروستكراوە، شارەكان لەسەر بە پیترین و باشترین زەویە كشتوكاڵیەكان بەراوەكان دروستكراون، كە كاریگەرییەكی نەرێنی زۆری كردۆتە سەر كەرتی كشتوكاڵ لە ناوچەكەدا.

١١- كەمی بەنداو و خراپی پرۆژەكانی ئاودێری و زۆری بیرە نایاسایەكان كاریگەری خراپیان لەسەر ئاوی ژێر زەوی ناوچەكە هەبووەو بونەتە هۆی وشككردنی بەشێك لە كانیاوەكان.

١٢- یەكێكی تر لە گرفتەكان خراپی و دواكەوتوویی ڕێگاو بانەكانی ناوچەكەیە[٥٢].

## دەرئەنجام

لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بەم چەندخاڵەی خوارەوە گەیشتین:

یەكەم: ناوچەكە دەوڵەمەندە بە بنەما سروشتی و مرۆییەكانی بەرهەمهێنانی بەروبوومی ڕووەكی، لە ڕووی مرۆییەوە دەستی كار ناوچەیەكەدا زۆرە، بەڵام نەتوانراوە سودی لێببینرێت، لە كاتێكدا كەرتی كشتوكاڵ توانای لە خۆگرتنی بەشێكی زۆری دەستی كاری هەیە، لە ڕووی سروشتیەوە ناوچەكە خاوەنی زەویەكی بەپیتی كشتوكاڵییە، كەش و هەوایەكی گونجاوی هەیە، ئەوە سەراری بوونی سەرچاوەی ئاوی پیویست بەتایبەت بوونی زێی بچوك و بەنداوی دووكان.

دووەم: سیاسەتی حكومەت نەك هاوكار نەبووە لە پەرەدان بە بواری كشتوكاڵی بەڵكو بووەتەهۆی زیان گەیاندن بە كشتوكاڵ، بەتایبەت لە كاتی فراوانبوونی شاردا بەشێكی زۆری زەوی كستوكاڵی قەزاكە گۆراوە بۆ ناوچەی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییە مرۆییەكان كە زیاتر لە ١٣٠٠٠دۆنم بووە، ئەو یاسایانەشی كە حكومەت دەریكردوون بۆ مەبەستی باشكردنی ڕەوشی كشتوكاڵ پلانی هەمەلایەنەی بۆ دانەرێژراوە و وەك پێویست جێبەجی نەكراون و سودیان بەكەرتەكە نەگەیاندووە.

سێیەم: بەگوێرەی داتاكان لەبری زیاد بوونیی جوتیاران و پەنابردن بۆ كەرتی كشتوكاڵی، بەڵام بەپێچەوانە بەشێكی زۆری جوتیاران وازیان لە پیشەی جوتیاری هێناوەو چونەتە ناو كەرتی گشتی و خزمەتگوزارییەوەو بارگرانیان بۆ ئەم كەرتانە دروستكردووە و كەرتی كشتوكاڵیش زیانی زۆری پێگەیشتووە.

---

[٥٢] كمال محمد سعيد خياط، القطاع الزراعي في العراق، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٠،ص١٢٠-١٥٠،١٣٦-١٥١؛ ساماڵ مەجید فەرەج، ستراتیژیەتی بووژانـدنەوە لە كەرتـی كشـتوكاڵیدا، گۆڤـاری پاشـكۆی شۆڕشـی كشـتوكاڵی، ژمـارە (١)، كـانوونی دووەمـی ١٩٧٨،ل٦-٩.ڕەحیم ئیبراهیم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٠-١٠٢؛ چاوپێكەوتن لە گەڵ ئەندازیاری كشتوكاڵی ئێشكەوتوو (سـالح حسێن سالح) لە ڕێكەوتی ٢٠١٦/١/٧.

چوارەم : هەندێك بەرهەم بەتایبەتی دانەوێڵەكانی وەك و گەنم و جۆ، بەتایبەتیش گەنم تارادەیەك لە دۆخێكی جێگیرداماوەتەوە و هەندێك كاتیش زیادی كردووە، بەڵام لە ١٩٩٦ تاكو ٢٠١٤ بە ڕێژەی ٦٠٪ كەمی كردووە،هەروەها جۆ بە ڕێژەی ٤٥.٧٪ كەمی كردووە، بەشێوەیەكی گشتی زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمەكان كەمیان كردووە، هەندێكیان گەیشتونەتە ئاستی نەمان وەكو تووتن. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات كە ئەم ناوچەیە سەرەرای دەوڵەمەندی لە رووی بنەماكانی كشتوكاڵییەوە لە زۆربەی رووەكانەوە ناتوانێت پێداویستیەكانی ناوچەكە دابینبكات.

## راسپاردەكان:

**یەكەم : زەوی و زاری كشتوكاڵی :**

١ – ساغكردنەوەی خاوەنداریەتی زەوی و كاراكردنی یاسای تاپۆكردنی زەوی كشتوكاڵی كە زەوی كێ دایبچێنێت لەسەر ئەو تاپۆ بكرێت یان بەناوی ئەوەوە تۆمار بكرێت.

٢ – لە پێناو دروستكردنی جووتیاری نمونەیی و بەرهەمهێندا پێویستە ڕووبەری زەوی گەورە لەكاتی تاپۆكردن و بەناو كردنی زەویدا بەناوی یەك جوتیار بكرێت بەومەرجەی ئەو جووتیارە هیچ پیشەیەكی تر نەكات بۆ ئەوەی تەواو پەیوەست بێت بە كشتوكاڵەوە.

٣ – دەركردنی یاسایەك بۆ قەدەغەكردنی زیادە ڕۆیی و لابردنی ئەو زیادەڕۆیانەی لەسەر زەویە كشتوكاڵیەكان ئەنجام دراون مسۆگەربكات.

٥ – كەمكردنەوەی كوژاندنەوەی زەوی كشتوكاڵی و پێشنیاركردن بۆ شارەوانیەكان بە مەبەستی ئاراستەكردن و دروستكردنی شوێنی نیشتەجێكردن لە زەوی بەردەڵان و شاخاویەكان.

**دووە : بواری پاراستنی ڕووەك:**

١ – خێراكردنی ئەو پاڵپشتیانەی كە دەكرێن بۆ كشتوكاڵ بە جۆرێك لە ئاستی پێویستدا بن وەكو قرپكەرەكان.

٢ – دامەزراندنی تاقیگەی پێشكەوتوو لە ناوچەكە بۆ شیكاری نەخۆشی و ڤایرۆسی بە مەبەستی كەمكردنەوەی نەخۆشی و ئافاتی كشتوكاڵی، سەرباری گرینگی دان بە خولی كشوكاڵی.

٣ – دامەزراندنی تاقیگەی كشتوكاڵی لەسەر سنوورەكان بۆ شیكاری و پشكنینی ئەو بەروبوومانەی لە دەرەوە هاوردە دەكرێن.

**سێیەم : بواری داتا و زانیاری ( ئامار)**

دامەزراندنی بانكێكی زانیاری كشتوكاڵی بە تەواوی پێداویستیەكانیەوە و كە فەرمانبەرانی شارەزا لە بواری داتا و زانیاری بەڕێوەی بەرن بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕووپێوی پێویست كۆكردنەوەی داتا و زانیاری بەشێوەیەكی زانستی و ورد لەو بانكە بۆ ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی ئەو داتا و زانیاریانە بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵی ناوچەكە پلان و بەرنامەكانی دابنێ، سەرباری سوودگەیاندن بە جوتیاران و توێژەران.

**چوائەم : بواری ئاودێری :**

گرنگیدانی زیاتر بە سەرچاوەكانی ئاو لە ناوچەكە، زیادكردنی ڕووبەرە زەوییە بەراوەكان، بەپیادەكردنی تەكنیكی نوێی ئاودان، كۆنكرێتكردنی جۆگا ئاودێریەكان، دروست كردنی بەربەست وبەنداو پرۆژەی ئاودێری

جۆراوجۆر، بۆمەبەستی کەم کردنەوەی پشت بەستن بە ئاوی باران بۆ بەرهەم هێنان و ڕزگاربوونی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە وشکەساڵی.

**پێنجەم: پاڵپشتی جووتیاران :**

زیادکردن و خێراکردنی پاڵپشتیەکانی حکومەت بۆ جووتیار، ناردنی جووتیاری شارەزاو خووێندەواری ناوچەکە بۆ وولاتە پێشکەوتووەکان، بەمەبەستی زیاتر بەرچاو ڕوونی و شارەزابوون بەوتەکنەلۆجیا نوێیانەی کە هاتۆنەتەکایەوە، و کردنەوەی خولی تایبەت بەهۆشیار کردنەوەی جووتیاران و دوورکەتنەوە لەکشتوکاڵی باو و شێوازی کۆن لەکارەکانی بەرهەم هێنانی گەنم و جۆدا و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و تەکنیکی نوێ، هەروەها گەڕانەوەی متمانە بۆ جوتیاران لە ڕێگەی پێشکەش کردنی یارمەتیە جۆربەجۆرەکان لەبنەتۆ و پەینی کیمیاوی و دەرمانی قەلاچۆکەری نەخۆشی و گرنگی دان بە گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕووی دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، بە مەبەستی ڕێگرتن لە کۆچی جووتیار لەلادێوە بۆ شار،لەپێناو زیادبوونی دەستی کار لەکەرتی کشتوکاڵدا.

**شەشەم : بە بازاڕکردن و پیشەسازی :**

کرینەوەی بەروبوومی جووتیاران، گەڕانەوەی خەرجی بەرهەمێنان، دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمە خۆماڵیەکان و باج خستنە سەر بەرهەمی هاوردە و کردنەوەی کارگەی گەورەی پیشەسازی کشتوکاڵی وەك کارگەی جگەرە و شەکر و ڕۆن و سپیای و دۆشاوی ترێ و تەماتە...هتد هەروەها هاندانی وەبەرهێنەران بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بکەن لە بواری کشتوکاڵ و سەرمایەکانیان لەم بوارە لە ناوچەکە بخەنەگەڕ، سەرباری گرتنەبەری ڕێ وشوێنی پێش وەخت بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی هەر کارەساتێکی سروشتی یان مرۆیی، ئەویش بە دروستکردنی ساردکەرەوە و کۆگا و سایلۆی گەورە، کە توانایەکی باشی پاشەکەوتکردنی بەروبوومی هەبێت.

**حەوتەم : بواری ڕێگا و بان :**

چاککردن و ڕاکێشانی ڕێگای گواستنەوە و بەستنەوەی تەواوی قەزای ڕانیە و سەرجەم ناحیەکانی بە تۆڕێك ڕێگای هاتووچۆی پێشکەوتوو، بەمەبەستی ئاسانکردنی گەیاندن و گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و کەمکردنەوەی تێچوون، هەروەها دروستکردنی گوندی پێشکەوتوو کەسەرجەم خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابینکرابێت، و بەجۆرێك کە هاندانبێت بۆ بەشێك لە دانیشتوانی شارەکان بۆ گەرانەوە بۆ گوندەکان و نیشتەجێ بوون لە گوندەکان.

## سەرچاوەکان

**یەکەم : کتێب**

**١ - بەزمانی کوردی:**


- ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوەو دەرامەتی ئاو، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، دانای کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩.
- پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە شارۆچکەی ڕانیە (١٩٥٧ – ٢٠٠٦)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.
- جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.

- گۆران مصطفی محمد، کاریگەرییە ئابوورییەکانی جینۆساید لە گەرمیان، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی، ٢٠١٠.
- کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق (مرۆیی و چالاکی ئابووری)، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤.
- کمال خەیات، ئابووری کشتوکاڵ، و: نەژاد شمقار، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.
- لەیلا محمد قارەمان، خاکی هەرێمی کوردستان،جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، دانای کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩.
- مراد حەکیم محمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعس، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- نادر ڕۆستی، گوندی کوردی و گۆڕان لە پیشەدا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢ - بەزمانی عەرەبی:

- شاكر خصباك، الأكراد (دراسة جغرافية إتنوغرافية)، مطبعة الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٥.
- كمال محمد سعيد خياط، القطاع الزراعي في العراق، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٠.

دووەم : نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

١ - بەزمانی کوردی

- ڕێبوار خالد مصطفی، پارێزگای سلێمانی (١٩٦٨ – ١٩٨٨)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین کراوە، ٢٠١٤.
- شاد حەمید محەمەد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستە (بڵاونەکراوە)، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠١٠.
- هێمن حسێن اسماعیل، توانستە ئاووهەواییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ (لێکۆڵینەوەیەك لە ئاووهەوای پراکتیك)، ماستەرنامە، پێشکەش بە ئەنجومەنی فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە کراوە، بڵونەکراوە، ٢٠١٥.
- شێروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتورا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، (بڵاونەکراوە)، ٢٠١١.

٢ - بەزمانی عەرەبی:

ئتحسين عبدالرحيم عزيز، التباين المكانى، لمياه الينابيع فى محافظة السليمانية،اطروحة دكتوراه، تقدم الى مجلس كلية التربية في جامعة المستنصرية، (غير منشورة)، ٢٠٠٧.

**سێیەم: گۆڤار**


- بختیار مصطفی بابان، شوێنەوارە قوڵەکانی جینۆسایدی ئەنفال لەسەر کشتوکاڵ لە کوردستاندا، گۆڤاری بژوێن (گۆڤارێکی کشتوکاڵی زانستی وەرزییە)، سلێمانی، زستانی (٢٠٠٠).
- ڕەحیم ئیبراهیم ئەحمەد، توێژینەوەی بواری کەرتی کشتوکاڵ لە دەڤەری بیتوێن، کۆنفراسی پەرەپێدانی دەروازەی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠١٠.
- ساماڵ مەجید فەرەج، ستراتیژیەتی بووژاندنەوە لە کەرتی کشتوکاڵیدا، گۆڤاری پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی، ژمارە (١)، کانوونی دووەمی ١٩٧٨.
- کامەران تاهیر سەعید، بنەما سروشتییەکانی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵ لە قەزای ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای کشتوکاڵ)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٥)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.
- کەمال محەمەد سەعید خەیات، دەربارەی ئابووری کوردستان لە ئۆتۆنۆمییە وە تا گەمارۆی ئابووری، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان (گۆڤار)، ژمارە ٢٦، مایسی ١٩٩٩.
- لەیلا محەمەد قارەمان، بەرهەمی کشتوکاڵی لە دەشتی بیتوێن، کۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە (٢٢) هەولێر، ٢٠٠١.


**پێنجەم: ئامار و داتا حکومیەکان**

**١ - بەزمانی کوردی:**


- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری کشتوکاڵی.
- بەرێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین، بەشی هوونەری، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.
- بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی رانیە، بەشی ئامار، ئامار و داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.
- بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی کشتوکاڵی سەروچاوە، بەشی زەوی زار، ئامار و زانیاری بڵاونەکراوە، ١٧ / ١٢ / ٢٠١٥.
- بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی راپەرین، ئامار و داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٥؛ فەرمانگەی ئاماری راپەرین- رانیە، ٢٠١٥؛ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی راپەرین- بەشی فەرمانگەکان، ئامار و داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.
- سەرۆکایەتی شارەوانیەکانی (ڕانیە، چوارقوڕنە، حاجیاوا، سەروچاوە، سەرکەپکان)، بەشی هوونەری، ئامار و زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.
- سەندکای پیشەوەرانی (قەزای رانیە، ناحیەکانی چوارقورنە و حاجیاوا)، ئامار و داتای بڵاونەکراوە.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، راپۆرتی ساڵانەی بەشی ئاماری کشتوکاڵی، ٢٠١١.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەرێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچون، بەشی ئامار، ٢٠٠٤.

- **حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی، ٢٠١٣.**

**٢ - بەزمانی عەرەبی:**

- **مديرية احصاء السليمانية، الموشرات السكانية و البني الخدمية، الارتكازية الاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢.**

**وحدة الاحصاء الزراعي، مسح الملكية الزراعية ٢٠٠٠ لقرى محافظة السليمانية.**

**شەشەم: چاوپێکەوتنەکان:**

- **چاوپێکەوتن لەگەل (باپیر حەمەدەمین ئەحمەد) لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/١/٧).**
- **چاوپێکەوتن لەگەل ئەندازیاری کشتوکاڵی پێشەکەوتوو (سالح حسێن سالح) لە ڕێکەوتی ٧/١/٢٠١٦.**
- **چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولرەحیم ئیبراهیم ئەحمەد) بەڕێوەبەری وێستگەی توێژینەوەی گردجان لە ڕێکەوتنی (٣٠ / ١٢ / ٢٠١٥).**

**حەوتەم: پێگە ئەلیکترۆنیەکان:**

**١ - بەزمانی کوردی:**

- **ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، بریاری قەدەغەکردنی فرۆشتن و ناردنە دەرەوەی دانەوێڵە، ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢،وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (١٠ / ١ / ٢٠١٦)، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی: https://www.perleman.org/files/articles/٠٥١٠١٥٠٩٢١٣٠.pdf**
- **ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٢، وەرگیراوە لەڕێکەوتی (١٠ / ١ / ٢٠١٦)، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی: https://www.perleman.org/files/articles/١٠٠٣١٥١٠٠٠٣٢.pdf**
- **ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای کوژاندنەوە و جیاکاری زەوی لەناو سنووری شارەوانییەکاندا، ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٨، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (١٠ / ١ / ٢٠١٦)، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی : https://www.perleman.org/files/articles/١٥٠٩١٥١٠١١٣٦.pdf**
- **ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای یەکێتی جووتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠١، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ١٠ / ١ / ٢٠١٦، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی : https://www.perleman.org/files/articles/٠٥١٠١٥١١٥١٤٢.pdf**
- **ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای پوچەڵکردنەوەی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران، ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠١، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (١٠ / ١ / ٢٠١٦) لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی : https://www.perleman.org/files/articles/٠٥١٠١٥١١٥٢٢١.pdf**
- **ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٨، وەرگیراوە لەڕێکەوتی (١٠ / ١ / ٢٠١٦)، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی : https://www.perleman.org/files/articles/٠٢٠٧٠٨١٢٥٩٥٦.pdf**

**٢ - بەزمانی ئینگلیزی:**

- **Oil_for_Food, http://www.un.org/Depts/oip/background/ (Accessed on 15/12/2015).**

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژمارە (١)

**ڕێژەی باران بارین لە قەزای ڕانیە**

| ساڵ | ڕێژەی باران / ملم |
|---|---|
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٩٧٣,٧ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ١٠٧٧ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ١٠٤٣ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٨٧٩ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ٨٧٥ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٨٥٨,٨ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ٣٠٧ وشکە ساڵی |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ٤١٦,٥ |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ٨٤٤ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ٦٣٣ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ٥٤٧,٦ |

سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.

### پاشکۆی ژمارە (٢)

**ژمارەی سەرچاوە ئاویەکان لە قەزای ڕانیە لە ساڵی ٢٠٠٨**

| ژ. کانی | | ژ کارێز | | ژ. بیری قوڵ | | ژ. بیری سطحی | | ژ. چەم و ڕووبار | | ژ. پرۆژەی ئاودێری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ووشك بوو | ووشك نەبوو | ووشك بوو | ووشك نەبوو | ووشك بوو | ووشك نەبوو | ووشك بوو | ووشك نەبوو | ووشك بوو | ووشك نەبوو | ووشك بوو | ووشك نەبوو |
| ٢٧٠ | ١١٨ | ٢٨ | ٣٨ | ١٥٢ | ٣١٨ | ١٣٨ | ٦٢ | ٣٥ | ٢٩ | ١٣٢ | ٦٢ |

سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری کشتوکاڵی.

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

**ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی لە قەزای ڕانیە لە ١٩٩٠ بە دۆنم**

| ڕووبەری گشتی زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ بەدۆنم | | | | کۆی گشتی بەدۆنم |
|---|---|---|---|---|
| کەرتی گشتی | | کەرتی تایبەت | | |
| بەراو | ثشتاو | بەراو | ثشتاو | |
| ٤١١٠٣ | ٧٤١٨٢ | ٩٧٤٢ | ١٨٨٨٩ | ١٤٣،٩١٦ |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

**ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی لە قەزای ڕانیە بۆ ٢٠٠٠ بە دۆنم**

| ڕووبەری گشتی | ڕووبەری زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ | ڕووبەری زەوی کە بە کەڵك کشتوکاڵ نایە | ڕووبەری زەوی بیستان و دارستان | ڕووبەری غابات | لەوەرگای سروشتی | ژکـرخان و دامەزراوەکـان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣١٢,١٣٣ | ١١١,٩٠٤ | ٩٥,٣٣٣ | ٣,٨٢٥ | ٧٢,٧٠٩ | ٢٣,٧٣٥ | ٢,٧٣٠ |

**سەرچاوە: وحدة الاحصاء الزراعي، مسح الملكية الزراعية ٢٠٠٠ لقرى محافظة السليمانية.**

**ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی لە قەزای ڕانیە لە ٢٠١٤ بە دۆنم**

| بەشی کشتوکاڵی | ژمارەی گوند | ژمارەی جوتیار | ڕووبەری زەوی و زار / دۆنم | | | | | | | | | | | خاوەنداریەتی زەوی و زار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕووبەری گشتی | ڕووبەری کشتوکاڵی | دێم | بەراو | باخ | ڕەز | بەردەڵان | دارستانی دەستکرد | دارستانی سروشتی | لەوەڕگای سروشتی | خاوەن مۆڵك تايبەت | خاوەن پەیوەست |
| بیتوێن | ١٠٦ | ٧٠٠٠ | ١٧٠٩٦٦ | ٥٠١٧٩ | ٣٢٥٣٢ | ١٧٦٤٧ | ٢٧٦٢ | ٨٠٣ | ٥٧٧٣ | ٨٦٠ | ٤٧٥٩٨ | ٦٤٢٥١ | ٣٢٩ | ٤٨٠٠ |
| سەروچاوە | ٣٢ | ٢١٣١ | ١٤٦٤٥٦ | ٣١٦١٥ | ٢٧١٢٥ | ٤٤٩٠ | ١٨٤٥ | ٣٢٠٨٣ | ٦٢٨١٢ | - | ٧٢٤٤ | ١٠٨٥٧ | - | ٨١٤ |
| کۆی گشتی | ١٣٨ | ٩١٣١ | ٣١٧٤٢٢ | ٨١٧٩٤ | ٥٩٦٥٧ | ٢٢١٣٧ | ٤٦٠٧ | ٣٢٨٨٦ | ٦٨١٨٥ | ٨٦٠ | ٥٤٨٤٢ | ٧٥١٠٨ | ٣٢٩ | ٥٦١٤ |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

**تێبینی / ١ - ڕووبەری زەوی ژێر ئاو لەسەرجەم ئەو کەرتانەی کە بەژێر ئاو تۆمارە بریتیە لە (٤٦٤٩٢) دۆنم، نزیکەی (٢٦٤٩٢) دۆنم مسۆگەرە و ئاو نایگرێتەوە دادەچێنرێت کە سەرجەمی ئەو ڕووبەرەش دەکەوێتە سنووری بەشی کشتوکاڵی بیتوێن.**

### پاشکۆی ژمارە (٤)

### ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (گەنم) لە قەزای ڕانیە:

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو/دۆنم | بەرهەم / تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | ٦٥٠٠٠ | ١٣٠٠٠ |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ٦٥٠٠٠ | ١٠٩٣٥ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ٥٤٠٠٠ | ٥٨٠٤ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ٦٥٠٠٠ | ٨٤٦٤ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ٢٢٣٢٠ | ٨٩٣٥ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٣٥٠٠٠ | ١٢٥٣٥ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ٢٥١٦٠ | ١٠٦٤١ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ٢٨٠٠٠ | ١١٧٩٥ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٤٣٥٠٠ | ١٢٣٩٠ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ٢٧٢٠٠ | ٥٤٤٠ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٣٢٠٠٠ | ٦٤٠٠ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ٤٦٥٠٠ | ١٥٩٢٦ |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ٣٩٠٠٠ | ١١١٩٣ |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ٤٥٠٠٠ | ٩٠٠٠ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ٥٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ٤٨٥٠٠ | ٩٧٠٠ |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ٤٩٥٠٠ | ٩٩٠٠ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ٦١٠٠٠ | ١٢٢٠٠ |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

**پاشکۆی ژمارە (٥)**

**ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (جۆ) لە قەزای ڕانیە:**

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو / دۆنم | بەرهەم / تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | ٦٣٠٠ | ١٢٦٠ |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ١٠٣٠٠ | ٢٢٦٦ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ٨٣٠٠٠ | ١٩٠٩ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ١٢٠٠٠ | ٣٠٠٠ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ٦٤٤٢ | ١٦٧٤٫٩٢ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٦٠٠٠ | ١٤١٠ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ٥٠٠٠ | ١٢٢٥ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ٤٠٠٠ | ١٠٠٠ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٥٠٠٠ | ١٣٠٠ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ٢٥٦٠ | ٥٦٣٫٢ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٣٢٠٠ | ٧٦٨ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ٣٠٠٠ | ١٤٩٥ |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ٧٠٠٠ | ١٧٥٠ |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ٤٥٠٠ | ١١٢٥ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ٤٥٠٠ | ١٠٨٠ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ٣٠٥٠ | ٥٤٩ |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ٢٥٥٠ | ٥١٠ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ٣٤٢٠ | ٦٨٤ |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

**پاشکۆی ژمارە (٦)**

**ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (برنج) لە قەزای ڕانیە:**

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو/ دۆنم | بەرهەم / تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | - | - |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ٣٢٤٠ | ١٦٢٠ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | - | - |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | - | - |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ٥٠٠ | ٢٥٠ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٢٥٠ | ١٢٥ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ١٠٠ | ٥٠ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ١٥٠ | ٧٥ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٥٠ | ٢٥ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ٣٥ | ١٧.٥ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٤٠ | ٢٠ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ١٠ | ٥ |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | - | - |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ٧٠ | ٣٥ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ٢٠ | ١٠ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ٢٠ | ١٠ |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ٢٥ | ١٢.٥ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ٢٠ | ١٠ |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

**پاشکۆی ژمارە (٧)**

**ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (گەنمە شامی) لە قەزای ڕانیە:**

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو / دۆنم | بەرهەم / دۆنم |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | - | - |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | - | - |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ٢٠٠ | ٥٠ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ٢٢٠ | ٥٥ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ٢٥٠ | ٦٢.٥ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٤٠ | ١٠ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | - | - |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | - | - |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٥٠ | ١٢.٥ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | - | - |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | - | - |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | - | - |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ٥ | ١.٢٥ |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | - | - |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | - | - |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | - | - |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | - | - |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | - | - |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

**پاشکۆی ژمارە (٨)**

**ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (تووتن) لە قەزای ڕانیە:**

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو / دۆنم | بەرهەم / تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | - | - |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ٢٤٠٥٠ | ٧٢١٥ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ١٦٠٠٠ | ٤٨٠٠ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ٧٥٠٠ | ٢٢٥٠ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ٥٢٠٠ | ١٥٦٠ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٢٠٠٠ | ٦٠٠ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ١٠٠ | ٣٠ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | هیچ دانەچێنراوە | |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | هیچ دانەچێنرا | |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | هیچ دانەچێنراوە | |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | هیچ دانەچێنراوە | |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | هیچ دانەچێنراوە | |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | هیچ دانەچێنراوە | |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | هیچ دانەچێنراوە | |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | هیچ دانەچێنراوە | |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | هیچ دانەچێنراوە | |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ٣ | ١ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | هیچ دانەچێنراوە | |

سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.

**پاشکۆی ژمارە (٩)**

**ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (گلۆبەڕۆژە) لە قەزای ڕانیە:**

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو/ دۆنم | بەرهەم / تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | - | - |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ١٠٠٠٠ | ٣٠٠٠ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ١٤٠٠٠ | ٤٢٠٠ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٤٥٠٠ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ١٤٠٠٠ | ٤٢٠٠ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ١٨٠٠٠ | ٥٤٠٠ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ١٨٠٠٠ | ٥٤٠٠ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ١٩٥٠٠ | ٥٨٥٠ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٢٦٨٠٠ | ٨٠٤٠ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ٢٤٣٠٠ | ٧٢٩٠ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٧٠٠ | ٢١٠ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ٥٠٠ | ١٥٠ |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ١٤٠٠ | ٤٢٠ |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ١٤٦٩ | ٤٤٩.٧ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ١٩٥٠ | ٥٨٥ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ٢٣٥٠ | ٧٠٥ |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ٤٣٠ | ١٢٩ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ٢٤٥٦ | ٧٣٦.٨ |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

### پاشکۆی ژمارە (١٠)

### ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (کونجی) لە قەزای ڕانیە:

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو/ دۆنم | بەرهەم / تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | - | |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ١٠٠٠ | ١٥٠ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ١٥٠٠ | ٢٢٥ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ١٠٠٠ | ١٥٠ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ١٧٠٠ | ٢٥٥ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٧٠٠ | ١٠٥ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ٥٠٠ | ٧٥ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ٢٠٠٠ | ٣٠٠ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ١٦٥٠ | ٢٤٧.٥ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ١١٠ | ١٦.٥ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٢٥٠ | ٣٧.٥ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ٥٠ | ٧.٥ |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ١٧٠ | ٢٥.٥ |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ٢٥ | ٤ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ١٩٠ | ٢٨.٥ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ٤٢٥ | ٦٤ |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ٢٣٠ | ٣٤.٥ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ٢٤٥ | ٣٧ |

سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.

**پاشکۆی ژمارە (١١)**

**ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (نۆك) لە قەزای ڕانیە:**

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو/ دۆنم | بەرهەم/ تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | ٣٧٠٠ | ٥٥٥ |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ٤٠٠٠ | ٦٠٠ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ٤٥٠٠ | ٦٧٥ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ٧٠٠٠ | ١٠٥٠ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ١٨٠٠٠ | ٢٧٠٠ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٥٨٠٠ | ٨٧٠ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ٤٠٠٠ | ٦٠٠ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ٦٠٠٠ | ٩٠٠ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٧٤٠٠ | ١١١٠ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ٦٠٠٠ | ٩٠٠ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٦٠٠٠ | ٩٠٠ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ٣٠٠٠ | ٤٥٠ |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ٣٢٢٠ | ٤٨٣ |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ٢٦٣٩ | ٣٩٥.٨٥ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ٢٥٠٠ | ٣٧٥ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ٢٠٠٠ | ٣٠٠ |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ٢٠٥٠ | ٣٠٧.٥ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ١٩٥٠ | ٢٩٢.٥ |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

پاشکۆی ژمارە (١٢)

ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (نیسك) لە قەزای ڕانیە:

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو/ دۆنم | بەرهەم / تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | ٢٨٥٠ | ٤٢٧.٥ |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ٢٥٥٠ | ٣٨٢.٥ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ٢١٠٠ | ٣١٥ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ١٨٠٠ | ٢٧٠ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ٣٠٠ | ٤٥ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٣٦٢ | ٥٤.٣ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ٣٥٠ | ٥٢.٥ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ٢٠٠ | ٣٠ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٣٥٠ | ١٩٢.٥ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ٢٠٠ | ٣٠ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٢٠٠ | ٣٠ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | - | - |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ١٥٠ | ٢٢.٥ |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ٣٥ | ٥.٢٥ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ٣٥ | ٥.٢٥ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ١٨ | ٢.٧ |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ١٧ | ٢.٥٥ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ٢٣ | ٣.٤٥ |

سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.

**پاشكۆی ژمارە (١٣)**

**ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (پاقلە) لە قەزای ڕانیە:**

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو/ دۆنم | بەرهەم / تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | ٨٠٠ | ٢٤٠ |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ٨٠٠ | ٢٤٠ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ٦٥٠ | ١٩٥ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ٨٠٠ | ٢٤٠ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ٨٠٠ | ٢٤٠ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٦٥٠ | ١٩٥ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ٦٥٠ | ١٩٥ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ٥٠٠ | ١٥٠ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٤٧٠ | ١٤١ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ٤٠٠ | ١٢٠ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٤٠٠ | ١٢٠ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ٤٥٠ | ١٣٥ |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | - | - |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ٨٠ | ٢٤ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ٨٠ | ٢٤ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ٧٠ | ٢١ |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ١٠٨ | ٣٢.٤ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ٩٠ | ٢٧ |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەكراوە، ٢٠١٥.**

**پاشكۆی ژمارە (١٤)**

**ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (پیاز) لە قەزای ڕانیە:**

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو/ دۆنم | بەرهەم / تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | ٥٠٠ | ١٥٠٠ |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ٣٥٠ | ١٠٥٠ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ٢٧٠٠ | ٨١٠٠ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ٤٥٠٠ | ١٣٥٠٠ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ٣٠٠٠ | ٩٠٠٠ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٢٥٠ | ٧٥٠ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ٢٢٢٥ | ٦٦٧٥ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ٢٧٠٠ | ٨١٠٠ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٤٢٦٣ | ١٢٧٨٩ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ١٠٠٠ | ٣٠٠٠ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ١٥٧٠ | ٤٧١٠ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ١٥٠٠ | ٤٥٠٠ |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ٣٤٠٠ | ١٠٢٠٠ |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ١٩٥٥ | ٥٨٦٥ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ١٦٥٧ | ٤٩٧١ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ١٥٨٥ | ٤٧٥٥ |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ١٦٧٠ | ٥٠١٠ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ٩٣٨ | ٢٨١٤ |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

**پاشکۆی ژمارە (١٥)**

**ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی (سەوزەی زستانە) لە قەزای ڕانیە:**

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو/ دۆنم | بەرهەم / تەن |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | ٥٠٠ | ١٠٠٠ |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ٧٥٠ | ١٥٠٠ |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ٦٥٠ | ١٣٠٠ |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ١١٠٠ | ٢٢٠٠ |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ١٣٠٠ | ٢٦٠٠ |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ١١٥٠ | ٢٣٠٠ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ٨٥٠ | ١٧٠٠ |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ٥٥٠ | ١١٠٠ |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ٥٩٣ | ١١٨٦ |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ٥٢٦ | ١٠٥٢ |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٥٢٦ | ١٠٥٢ |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ٤٠٠ | ٨٠٠ |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ٣٢٤ | ٦٤٨ |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ١٩٢ | ٣٨٤ |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ١٩٦ | ٣٩٢ |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ١٤١ | ٢٨٢ |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ١٣٦ | ٢٧٢ |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ١٥٠ | ٣٠٠ |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

**پاشکۆی ژمارە (١٦)**

**ڕووبەری زەوی داچێنراو و بەرهەمی سەوزەی هاوینە و میوە لە قەزای ڕانیە:**

| ساڵ | ڕووبەری داچێنراو/ دۆنم | بەرهەم |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ — ١٩٩٧ | - | |
| ١٩٩٧ — ١٩٩٨ | ١٢٢٠٠ | |
| ١٩٩٨ — ١٩٩٩ | ١٨٢٥٠ | |
| ١٩٩٩ — ٢٠٠٠ | ١٥٣٠٠ | |
| ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ | ٩٨٣٠ | |
| ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ | ٥٤٠٠ | |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٣ | ٨١٠٠ | |
| ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ | ٨٥٥٥ | |
| ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ | ١٠٤١٥ | |
| ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ | ٧٩٢٢ | |
| ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ | ٥٢٧٠ | |
| ٢٠٠٧ — ٢٠٠٨ | ٤١٣٠ | |
| ٢٠٠٨ — ٢٠٠٩ | ٤٨٧٧ | |
| ٢٠٠٩ — ٢٠١٠ | ٢٦٢٦ | |
| ٢٠١٠ — ٢٠١١ | ٣٧١٤ | |
| ٢٠١١ — ٢٠١٢ | ٤٠٠٠ | |
| ٢٠١٢ — ٢٠١٣ | ٣١٧٩ | |
| ٢٠١٣ — ٢٠١٤ | ٣٢٠٢ | |

**سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، ٢٠١٥.**

**الملخص**

**كان الزراعة واحدة من الظواهر في المجتمع الكوردي قديماً واساساً لإقتصادهم، والمجتمع الكوردستانى في جميع العصور كانت مجتميعاً يعتمد على الاكتفاء الذاتي في تحصيل ضروريات الحياة، حيث كان الغالبية العظمى من الايدي العاملة، الذي يعملون في الزراعة، وهذا ما نجده في قضاء رانية، حيث الاهتمام الزائد بالزراعة في هذه المنطقة الى خصوبة اراضيها في ساحل بتوين في جنوب كوردستان، والى اعتدال المناخ فيها، لانها تقع في منطقة المطرة. حيث حدث تغيرات كثيرة في مجال الزراعة بعد إنتفاضة ١٩٩١.لقد مرت الزراعة في قضاء رانية بمراحل عديدة تمثل بالتفاوت في الانتاج لاسيما بعد عملية الاعمارللقرى المهدمة من قبل النظام البعثي في ذلك الوقت. بالاضافة الى ذلك نجد ان الاهتمام بالزراعة ترجع الى تأثير الوضع السياسي والاجتماعي والاقتصادي للمنطقة. وفي إطار هذه الدراسة نحاول ان تقدم تفسيراً للوضع الذراعي بعد الانتفاضة معتمدين في ذلك على المحطيات والمعلومات الرسمية والحكومية والمؤسساتية الخاصة بالمجال الزراعي. وان الهدف من هذه الدراسة تمكن في عرض حالة الزراعة في قضاء رانية بعد الانتفاضة، خاصة فيما بين السنوات (١٩٩٦-٢٠١٤)، وتحديد نقاط الضعف وبيان مشكلات التي تقف امام تطوير الزراعة في المنطقة، من أجل إعطاء أحمية زائدة لهذا القطاع الحيوي وارتفاع مستوى انتاجية لتأمين احتياجات المجتمع في المجالات الصناعية.**

**Abstract**

In the past our society was an agricultural society. Agriculture was a main source of people's income. Our economy was based on agriculture; the society was a self-sufficient society. The people in this region were producing everything they need. The majority of work force was in agriculture. In Raniya district agriculture was far more important compared to other regions because of plain of Bitwen which is one of the most fertile lands in this part of Kurdistan. This plain has a milder climate and it also located in the guaranteed rainfall region. After the March uprising the agriculture was affected by a domestic and international political crisis and situations. After the uprising the agriculture boomed again as result of UN sanctions on Iraq and Iraqi regime's sanctions on Kurdistan, both sanctions make people return to their villages and work in agriculture. This study attempts to evaluate the agricultural situation by evaluating available data about agriculture in Raniya district. It tries to understand how the agricultural production of different categories changed during this period of time; what crops were mostly cultivated and what the production result was. Why a particular products were more cultivated rather than others. How the productions of some crops declined and why they declined. This study is divided into two main chapters; first chapter will describe natural and human sources of agriculture in Raniya district. Second chapter will evaluate a production of some important crops; it attempts to critically evaluate the production changes in agriculture.